ھەمانی دیوەکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان-ی یوسف عزەدین لەلایەن مختار شکری پور کرایە فارسی

لەلایەن نوسەر و وەرگێڕی ناسراو، ھەژدار مختار شکری پور، ھەمانی دیوەکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان-ی یوسف عزەدین کرایە فارسی کراوەتە فارسی و لەلایەن نەشری ثالث-ەوە، چاپ و بڵاوکراوەوە.

https://salesspublication.com/%D8%B1%D9%88%DB%8C-%D8%AF%DB%8C%DA%AF%D8%B1-%D8%AD%DA%A9%D8%A7%DB%8C%D8%AA-%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D9%86%D8%A7%D9%86%D9%88%D8%B4%D8%AA%D9%87?search=%D8%B1%D9%88%DB%8C%20%D8%AF%DB%8C%DA%AF%D8%B1

نەیزەکەی ١٨٨٨ی سەلەمانی لەئەرشیفی عوسمانییەکاندا.. نووسینی: یوسف عزەدین

(بەسەرهاتی ئەو ئاگربارانەی لە جەشنەوە تا گوڵەمبەر بەئاسماندا کشا)

هەرچەند شیعر، لەسەردەمی نالی-یەوە تا سەرتاکانی سەدەی بیست-یش، تایبەتمەندیەکی بەرچاو، بەشێک لەوودواو و بەسەرهات و ناوی کەسایەتییە مێژوویەکانی لەدووتوێی خۆیدا جێ کردۆتەوە. هەر بۆیە، لەکاتی نەبوونی سەرچاوەی دیکەدا؛ بەناچاری تووژەران؛ وەک چاووگ بۆی گەڕاونەتەوە.
بەڵام؛ ئەی بۆ دەبێت، ووداوێکی فۆلکۆری زەر گرنگ و ناوازە، لەناوچەیەکی پڕ جموجۆڵی وەک سلەمانی- دا ڕووبدات، کەچی نەچێتە

نەو شیعر و موناجاتی ئیلاهی و نامەو نووسراوەکی کوردییەوە، یان چەن دەبەت، لەپەراوێزی دەستنووسەکدا؛ مەلا و کەسانەکی ئایینی، یان خوێندەوارانی ئەو سەردەمەو ئەوانەی دواتریش، تەماریان نەکردبەت!؟ یان دەشەت هەبووبەت و دواتر فەوتا بەت؟ یان لەشوێنەکدا ئاماژەی پێدرابەت و ئاگوزەرانە خوێنرابەتەوەو نەزانرابەت مەبەست لەچییە! ئەی تۆ بەختیەت، کاتێک ئینگلیزەکان کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی-یان سووتاند؛ ئاماژە بەگەیەکی تایبەت بەو هەوداوە فەلەکییە، لەنەو دەستنووسەکاندا نەبووبەت!؟ هەموو ئەمانەو زۆری دیکەش پرسیارن و گرنگان بە وەڵامەکانی؛ کاری هەموو ئەوانەیە، بەمەراقەوە بەدووی بەگەمەژوویی و دەستنووسە ئەرشیفییەکاندا دەگەڕێن!

دەزینەوەی ئەم هەوداوە فەلەکییە لەلایەن هەوڵەکانی سێ کەسی ئەکادیمییەوە؛ یەکەمیان زانای (هەندی-ئەمریکی) پرۆفیسەر؛ پیتەر جینیسکینز ، دووانەکەی تریش، پرۆفیسەر؛ ئەزان ئەنساڵان و ئاڵتای بایاتڕی، دەزرایەوە. لەاستیدا ئەوان، بەشێوەیەکی گشتی، بە ئەرشیفی دیاردە سروشتییە فەلەکییەکانی سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕان، بەتام بەبەکەوت و بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو، ئاسمان و خاکی بەشێکی نەو شاری سلێمانی و دەوروبەری بووە مەیدانی هەڵسووڕان و جموجۆڵکی فەلەکی ناوازە.

سەرچاوەی سەرەکی بابەتەکەشمان، وتارە سەرەکییەکەی ئەوانەو لەکۆتایی وتارەکەشدا لینکەکەیمان داناوە. بەپێی ئەو سەرچاوەیە؛ سێ دەستنووس لەبەردەستدایە، بەپێی زنجیرەی دەسەاتەکان لەبنەوەا بە سەرەوە، بەرزکراوەتەوە. ناوەڕۆکی هەواڵەکەو زانیارییەکان هەر یەکەن و لەخودی وتارە سەرەکییەکەی هەر سێ کەسایەتییە ئەکادیمییەکەدا، وەرگەڕان؛ لەشەوزار و شەونووسینی عوسمانییەوە، بە سەر شەوزار و شەونووسینی تورکی لاتینی، هەروەها ئینگلیزی کراوەو هەرچەند زەر دەسزانە، وەرگێڕانی یان وەرگێڕانەکانی ئەو چەند دەستنووسە فەرمییە گرنگە، مەبەستیان بووە، تەواوی زانیاری و ناوەکان؛ بەڕاست و دروستی بخەنەوو، بەتام هەوڵەکەشیان بە کەموکوڕی نەبووە؟! ئەمەش ئاسایییە، تا ئەو شوێنەی ناتوانیت، ناوی شوێنێک وەک خەی بنووسیتەوەو لەت دەبەتە ناوەکی تری نەبوو و نەزانراو؟!. ئاشکرایە لەگەیاندنی ناوی شوێنەکان، لەدیاردەیەکی فەلەکی گرنگی لەو چەشنەدا، بەهۆی ناوبردنی شوێنێک، یان نەدەزینەوەی شوێنێک، بەناچاری بەرەو شوێنێکی ترمان دەبات، جیاواز لەوەی خودی دەستنووسەکان مەبەستیان بووە؛ وەک مەژوو بە ئەمەی بگوزنەوە.

هەر بۆیە، نەدەزینەوەی ناوی یەکێک لەناگوزەر-شوێن-ە گرنگەکانی

ەوداوە فەلەکییەکەی سلەمانی و دیارینەکردنی شوێنجێگەکەی؛ ئاست و بەهای لەکەینەوە زانستییەکەیان لاسەنگ دەکات!
لەهەمووشی ناخۆشتر لەبەرواری ٢٢ ئۆپرەی ٢٠٢٠ەوە ئەم بابەتە بەاوکراوەتەوە لەنەو ئەموو کەسایەتییە خودان بەوانامانەی لای خەمان، کەپسپەییەکیان نزیکە لەیەکەک لەبابەتە تەکنیکانی لەکەینەکەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی خەکی سلەمانی- ن؛ ئاخۆ بە کەس و کەسانەکیان تەدا پەیدا نەبوو؛ بەجدی بچنە نەو قووڵایی ئەو بابەتە گرنگەوە، یان هەر هیچ نەبێت داوا لەکەسانەکی بەتەدی تورکی زان و شارەزا لەخوێندنەوەی شێوەنووسینی عوسمانی بکەن، تا جارەکی تر بەورگەانی ئەو دەستنووسانەدا بچنەوە هەر کەموکوێیەکی تەدا بێت، خاسی بکەنەوە.
لەەی خوێندنەوەی دەستنووسەکانەوە، ئاشکرا دەبێت کەناوی خورما-ی ئەستا، لەو سەردەمانەدا (خورمار) بووە؛ گوندەکیش بووە، سەر بەناحیەی گوەمبەر.
هەروەها ئەو گوندە نەدەزراوەی کەلەەی بەهەە وەرگەانەوە بێتە (دلاوەر- دلاڤەر)، ناوە؛ ەاست و دروستەکەی (وەەدەر)ە، خشبەختانەش یەکەک لەو گوندانەی کەلەبەر هەر هەکارەک بووبێت؛ شاەاوی ئەنفال و ەاگواستن نەیگرتەوە.
لەرەدا یەکەک لەدەستنووسەکانم وەرگەاوەتە سەر(شەوەزاری سەرانی)، کەدەبێتە نمونەیەکی تەرو تەسەلی سەرجەم بابەتەکە، وەک لەسەرەتاشدا ئاماژەمان پێدا؛ هەمان زانیاری لەدوو دەستنووسەکەی تریشدا دووبارە دەبێتەوە.

ئەمەش دەقی وەرگەدراوی دەستنووسە، بەرزکراوەکەی والی موسڵ-ە:
{ ویلایەتی موسڵ
نامەی نووسراو
ژمارە ٨١
بە/ وەزارەتی ناوخۆی پایەدار
جەنابی پایەدار
دەوەتدار، حەزرەتی خودان مەزنایەتی

١٠-ی ئۆگستەس، ەەژی 5 شەممە، دەوروبەری کاژەر هەشت و نیو، لەەژئاوای ناحیەی سەرچنار، لەکەتایی کلکەی گوندی جەشانە، گەەک هاوکات تەکەە لەماتەیاەی خەە و بەرد، بەر لوتکەی گردەکی شەو ئەهرام کەوت، لەگەە سووتانی، بەهەوادا بەرزبەوەو بەرەو ئاەاستەی ەەژهەاتی سلەمانی، بە لای گوندی (وەەدەر) کشاو لەبەر ئەوەی بەر تەپەەکەیەک کەوت، لەژەر تەپەەکەکەشدا دوو کەس هەبوون، زیاتر کاری

کردن سەر یەکەکیان و تاڵف بوو؟! "١"
ئۆیتریشیان تا ئێستا لەجەگەدا کەوتوون.
هەروەها لەگوندی (خورماڵ- خورماڵ)ی سەر بەقەزای گوەمبەر، بەچەشنی باران بارین، بەدوروبەر و چوار دەوریدا، ١٠ خولەک، گەڵێک لە بەرد باری.
شوکور هیچ زیانێک بەر دانیشتووانەکەی نەکەوتووە، بەڵام ئەو بەردانە تەسادوفی هەر بەستان و مەزرایەکی کردبێت، خەسارەتی تەواوی لە داوە.
جەگەی سپاسە وەک نمونەیەک پارچە بەردێک لەلایەن پارێزگار(موتەسەڕیف)ی سلێمانی- یەوە نێردراوە، وا نمونەکەمان بە بەردەم مەنزووری عالی، وەزارەتی پەناگەتان"٢" پێشکەش و تەسلیم بە پێستە کردووەو لەهەر حاڵ و کارێکدا ئەمر و فەرمانی حەزرەتیان، دەگاتە شوێنی پێویستدار"٣"
٧ی موحەڕەم
١ی ئەیلولی ١٣٠٦
والی موسڵ
فایق مستەفا }.

لەڕدا دەبێت بڵێم، جارێکیان؛ گوبیستی گیانوەیەک بووم، دەما و دەم گەیشتبووە، کەسی گەیاندبوو، کەخەی خەڵکی گوندی وەدەڕە، بەپەی گیانوەی ئەم کەسایەتییە ئەزدارە؛
باس لەجەرە ڕووداوێکی سروشتی سامانی دوای سەدەی نزدە دەکات، کە بەیان گیاوەتەوە، گوایە جەرگ لەهەورەبروسکەو باو و بەران، بەتە هەکاری دەرکەوتنی کوپەی زەڵزەڵک؛ لەدرز و کەڵێنی گردێکی نزیک گوندی (وەدەر)دا. یان بەجەرگی تریش دەوترێت؛ گوایە پاش وەیشوومەو باو بەران، لافاو ئەو کوپەزەڵزەڵەی پشخەی داوە، تا دەست کەسێکی ئاسایی گوندەکە کەوتووەو بەتە خاوەنی، بەڵام پاش ماوەیەک هەواڵ دەگاتە شوێن مەبەست و کاربەدەستێکی کوردی دەست ڕەیشتووی پلەداری سەربازی ئەو دەمە؛ دەستبەسەر کوپەی زەڵزەڵکەدا دەگرێت! ئیدی پاش ئەمە گیانوەکە، ماجرایەکی دوور و درێژ، بەدووی خەیدا کەش دەکات و لەڕدا گیانوەی بەپەویست نازانین و پەناچێت هیچ زیاد و کەمێک بخاتە سەر ئەوەی ئەمە بەدووید اوەین!
ئەگەر بگەینەوە سەر بابەتی گیرانوەکە و کەمێک ئابمنین، دەبینین باس لەدیاردەیەکی سروشتی جیاواز دەکات. هەر لەنزیک و دەوروبەری (وەدەر)دا، پێش سەدەی بیست و لەکەتایی سەدەی نزدەدا ڕووێداوە؟ بەپەی زنجیرەی کەسایەتییەک لەدوای یەکەکانی گیانوەکەو مەزەندەکردنی تەمەنی هەر یەکەکیشیان، دەزانرێت


کەساێەکەشی هەمان، یان نزیک ساڵی هەوداوە فەلەکیەکەیە!؟
باشە ئەگەر بە ماوەی ١٠ خولەک وەک لەدەستنووسەکەدا ئاماژەی پێدراوە، لە(خورماە- خورمار) بەچەشنی باران بارین، بەرد باریبێت، ئەی تەدەچێت؛ لەدەوروبەری گوندی وەدەر-یش پاش ئاگر بارانی تەپەکەکەو مردنی کەسەک و زامداربوونی ئەویتریان، دوای ئەو ئاهوگۆە لەئەتمەسفەر و کەش و هەوای ناوچەکە، بارانکی بەخوەی بە ئامان، بووبێتە لافاو، سەاو و هەکاری دەرکەوتنی ئەو کوپەە زەە!؟
هەرچیەک و هەرچەنەک بێت، کاری ئەمە، گەانی بەردەوامە؛ هیواخوازم لەمیانی ئەم وتارەوە توانیبێتم، دەلاقەیەک بخەمە سەر بابەتکی هەستیاری هەجگار گرنگ، کەبگومان دەرکە بە هەوەدان و لەکەینەوەو گەانی دیکەی توژەران دەخاتە سەر پشت.

سەرچاوەی سەرکی بابەتکەمان
https://onlinelibrary.wiley.com/doi/full/10.1111/maps.13469

"١" هاستەوخە لەدەستنووسەکەدا نەوتراوە، کەسەکە، مەبەستمان کەسی یەکەمە، کەزیاتر زیانی پێدەگات؛ مردووە؟! لەهاستیدا وتوویەتی: (وەک ئەوەی تەلەف بووبێت؟!)، مەبەستی ئەوەیە : (وەک ئەوەی تەلەف بووبێت؛ تەلەف بووە) کەواتە مەبەستی لەوەیە کەیەکسەر لاشەی کەسی یەکەم، بەسووتانەکە داڕزاوە، هەەوشاوە.. وەک کورد دەێت؛ هەلا هەلا بووە! هەرچەند تەلەف بوون، زیاتر بە مرداربوونەوەو لەناوچوونی ئاژەەان بەکار دێت، بەەام لەو سەردەمانەدا بەو شێوەیەش بەکارهەنراوە. مایەی ئاماژەپێدانە و بەەای خاکەەاییانەی خەم، دەشێت لەبەر کتوپڕی و سامناکی و گەورەیی هەوداوە فەلەکیەکە؛ هەروەها هەوەدانی خەرای کاربەدەستی سەرکی ئەو دەمی سلەمانی، بە گەیاندنی هەواەکە، پەلەکردنەک کرابێت، ناشێت بەشێنەیی، هەموو شتەک و کەی هەوداوەکەو کاریگەریەکانی وەک خەی گەیەندرابێت!؟

"٢" لەتورکییە عوسمانییەکەیدا نووسراوە:(مەنزووری عالی، نزاەتی پەناهلەری)، مەبەست لەوەیە کە نووسراوە نەردراوەکە، دەگاتە ئاست خوەندنەوەی باەاو وردبوونەوەی ئەو وەزارەتی کەوەک پەناگەیەک پەنای بە براوە(دەستنووسەکەی بە نەردراوە). لەزمانی ئەدبیات و نووسینی تورکی-عوسمانیدا، هەمیشە هەووەووی وشەگەل و دەستەواژەی هەزگرتن، قەبەکردن و گەورەکردنی بەرانبەر دەبیتەوە؛ ئەمەش بەشەک بووە لەکلتوور و ئەتکیەتی ئەروستەکراتیانەی عوسمانییەکان.

“٣” مەبەست لەوێیە هەر ئەمر و فەرمانێک سەروەتر بێفەرموونت؛ جە بەجێ دەکرێت.



ڕەمانی (وێگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان) بەزمانی فارسی بەاودەکرێتەوە

ڕەمانی (وێگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان) ، دووەمین ڕەمانی (یوسف عزەدین)ە کەلەلایەن وەرگێڕ (باست مرادی)یەوە، دوای وەرگێڕانی ڕەمانی (تەنها ڕەژەکی سارد) بکرێتە فارسی و لەلایەن دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (انتشارات افراز) لەتاران/٢٠٢٤ بڵاوبکرێتەوە. هەروەها بابەتکی تایبەتی لەکەڵەر و نووسەر (هەشەنگ شێخ محەمەد)؛ تایبەت بەڕەمانکە، کەلەکتێبی (دنیای تارمایی کاراکتەر پێنهانەکان/دەزگای فام-٢٠٢٢) وەرگیراوەو بەزمانی فارسی لەپێشکی ڕەمانکەدا بڵاوکراوەتەوەو پەرگرافکیشی

خراوەتە سەر بەرگی دواوەی کتێبەکە.

ڕۆمانی تەنها ڕۆژکی ساردی-ی یوسف عزەدین لەلایەن باسط مرادی-یەوە کرایە فارسی

ڕۆمانی تەنها ڕۆژکی ساردی-ی یوسف عزەدین لەلایەن باسط مرادی-یەوە کرایە فارسی و لەچاپ و پەخشی ئەفراز بەاوکرایەوە..



نزیکبوونەوە لەوگەی

گۆڤاری وەکانی ڕۆژهەڵ.. نووسینی: یوسف عزەدین

(خوان ڕۆلفۆ بەسەر سەد لاپەڕە توانی بگاتە ئاستی سۆفکلیس)
گابریل گارسیا مارکیز

پەدەچێت شیاو بێت بڵێین؛ زۆرێک لەو تێکستانەی بەدرێژایی مێژووی نووسین و خوێندنەوە، خوێنەرانیان سەرسامکردووەو توانیوویانە پێ بەپێی زەمانە جیاوازەکان، لەئاست خوێندنەوەو تێگەیشتنەوە جۆرە تێکستانەن کەکورت و پوخت و تەکمە بونیاد نراون، تەنانەت پارادۆکسە فەلسەفی و فیکرییەکانیش؛ ئەوانەی دەکرێت لەدەرەوەی کاریگەردا جێیان ببێتەوە، دواتر هەر ئەو دەڕەش لەمیانی سەدان لاپەڕە لێکۆڵینەوەو نووسین، هەوڵی یەکالاکردنەوەو لە حاڵیبوونی دەدرێت!؟
کاریگەرترین وتەیەکی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی کەکرێکی فەلسەفە سۆفیگەرییەکەیەتی.. دەفەرموێت:
(هەرچییەکیت ببێ؛ بەنام وەرە؟!)
ئیدی ئەم بانگهێشتەیە، گەر من و تۆ؛ بەرەوووی بچین، دەتوانین لەمیانییەوە پێ بنێینە نێو مەودایەکی نوێی تەواوین و چێشنەکی جودا و نوێ لەماماڵەکردن لەتەک ئیگەی خەمان و دواجار گەیشتنە جۆرێک لەتەواوینی باڵاو شایستە؛ بە خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێی هەموو ئەو شتگەلانەی لەدەرەوەی ئابووقەیان داوین.
پرسیارێک کەئێخەی زۆربەی خوێنەرانی تێکستە درێژەکان دەگرێت؛ ئاخۆ لەکاتێکدا کافکا لەهەفتا هەشتا لاپەڕەیەکدا باشترین شاکارێکی، مەسخ-ەکەی جێ دەکاتەوە.. یان خوان ڕۆلفۆ لەسەد لاپەڕەدا یاخوود کەمتردا، پیدرۆ پارامۆ-کەی لەبەرزترین ئاستی تەکنیکی و فانتازیی و بەتازەترین شێوازێکی گێڕانەوەی ناتەقلیدی دەنووسێتەوە؛ بەچێشنێک هەموو خوێنەرێ جدییەکانی ئەو نەرێتیفەی سەرسامکردووە، ڕەنگە یەکێک لەهەکارەکانی ئەو سەرسامکردنەشی پێویست بێت بەئەتمەسفەرە میتافیزیکییە ناتەقلیدییەکەی. دەشێت خوێنەری جدی؛ لەمیانی وەسف و دەنگ و خشپەو چرپەو سامی گێژەوە مردووەکانەوە، بە هیچ زانیارییەکی پێش وەختیش، بزانێت مامۆ لەگەڵ نەرێتیفەکی سیروسەمەرەی کەم وێنەدا دەکات.

بەهەرحاڵ گەر بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەمان؛ ئەی بە دەبێت توخمێک لەنووسەران هەبن، بەتایبەتیش ڕۆمانەنووسان، هیچ ڕێچکەو ڕێگەیەکی

درێژدادی و ڕەکخستنی قسەوباسی بەسەربەرو گۆڕانوی بەتام نامێنێت پێنای بۆ نەبێن!؟ بۆ دەبێت خوێنڕی نموونەیی پاش خوێندنەوی چەند سەد لاپەڕەیەکی ڕەمانکی قەبارە گەورەی پشتر ێکلام بکراوی گەورەکراو، بگاتە هیچ؛ بگاتە ئەو ڕاستییەی کەلە پشت ئەو هەموو دەڕە سەقەتانەوە، کەسێک لە پشت هالەی گەورەکردنەوە خەی مەناس داوەو دەیەوێت زەرترین پانتایی بەبەکەڵکترین باس و خواسی زیادە پەیکاتەوە! چ ئەمە بۆشکۆ لەو ساديیەتەی ئەو جارە نووسەرانە دەرئەنجامی کەموکووڕییە سایکۆلۆژییەکانیان پێنای بۆ دەبێن؟! چ خۆ فووتەکردن و خۆ زل پیشان دان بۆشکۆ لەو چەکە بایۆلۆژییە دەرینەی هەندێک لەئاژەڵان پێنای بۆ دەبێن و مەبەستیانە گیانەوەرانی لەخۆ گەورەتر و بەهێزتری پێ بترسێنن!؟

هەر بۆ نموونە؛ ڕەمانووسەکی زەر ناسراوی شایستە بەڕەزو خۆشەویستی بێندێ، لەیەکەک لەڕەمانەکانیدا تاڕادەی بێزارکردنی خوێنەر باس لەحیکایەت و بگرەو بەردەی فەرش فرۆشێک دەکات.. یان بەباسی کاراکتەرێکی زەر خەری نەگبەت؛ خەریکە لەپەستی خەتت دەنێتەدەر!؟ یان لەشوێنیکی تردا بەحیساب باسی کەمەڵەک پیاو کوژ، یان ژن کوژت بۆ دەکات، جا واز لەوەش بێنە، هەیانە خەریکی عەتر دروستکردنەو ڕەبەن ئاسا لەقەناغی پاکبوونەوەیدا.. بەڵام لەهەمووی هێزاڵیتەر هەر یەکێک لەم پیاوکوژانە شوێن دەستی کوشتنەکانی جیاوازە لەوەی ترو ئیتر بەچێشنی فیلمی کەمیدی عەسابەو بەتایبەتیش جارە ئەنیمەیشنەکەی، یەکەکیان ڕاست و چەپ فیشەک دەنێت بەکوژراوەکانییەوەو یەکەکی تریان نازانم دەینێت بەکوێیەوەو ئیتر خوێنەر نازانیت پێبکەنێت یان بگری!؟ خۆ ئەم نووسەرە بەڕەزە هەر ئەبوو شتێک زانیاری لەبارەی فیشەک تەقاندن و چۆنییەتی کوشت و کوشتار و ئەو جارە بگرەو بەردانەی ئیغتیالاتەوە بزانێت!؟ وەک چۆن گابریل گارسیا مارکیز، لەچاوپێکەوتنەکیدا باس لەوە دەکات چۆن فیدێ کاسترۆ باسی هەڵەیەکی نەو ڕەمانکی خەی بە کردووە، لەبارەی مەودای پێکانی ئەو چەکەی کەئەم لەڕەمانکیدا باسیکردووە؟! جا ئەوەی بێت، ئەدەبی فانتازی و جادووگەری و ئەفسوونەویی و هاوشێوەکانی ئەم جارە وردەکارییە واقیعییانە لەخۆ ناگرێت، وەهامکە ئەویە سەرەتا ئەو تێکستەی من بەنموونە هێناومەتەوە چەند خاتریشی بگرێت؛ هەر ڕیالیستییە؟! لەوەش زیاتر تەنها لەئەدەبە سوریالییە بەرزەفڕەکاندا دەشێت بەچێشنی سێرو سەمەرەیی خوێنکان هەموو ئەوەی لەنەو نەرێتیقەکدا ووەدات شیاوی وەرگرتن بێت، ئەمیش تائەو ڕادەیەی کەنەبێتە فیلمی کارتۆنی منداڵان.. لەوەش گرنگتر کاتێک دەقەکی جادوویی وەک "فینی پیدرە لەبەکەتادا"

کەباس لەفەینی کەسایەتییەکی واقیعیەت بە دەکات و دەزانیت لەحەقیقەتدا ئەمە ناشەت و کاری کردە نییە.. بەڵام کاتێک پیدرە دەفەەت؛ هەر بەڵاستی وەک کەسێک دەفەەت کەتوانای فەینی پە بەخشرابەت، ئەویش بەکەمبوونەوەی کەشی، یان کەمبوونەوەی هەزی ئاکەشانی زەمین بە کەسەکە.. هەموو ئەمانەش گەر لەنەو فیزیاو تەوانینە فیزیاییەکاندا جەشی نەبەتەوە، بەڵام لەپانتایی و مەودایی ئەو ئەدەبە تایبەت و باڵایدا جێی دەبەتەوە.. سەرنجڕاکەشترین دیمەنەکی نەرەتیفەکەش بەستنەوەی لاقی پیدرەیە بەگوریسەکەوە بە ئەوەی تەواو لەحەوادا ونەبەت و لەژەر کەنتەدا بمێنەتەوە.. چەند سێرە کەسێک وەک ئەوەی چشنە نەخشیەکی ناوازەی گرتبەت؛ یان لەبەر هەر هەکارەکی تر؛ ئەم توانای فەین و بەرزبوونەویەی لادروست دەبەت و دواجاریش دەبەتە ئەو پیاوەی با لەگەڵ خەی دەیبات!؟

لەرەدا دەبەت ئەوەش بڵێین، هەبوونی وردەکاری لەتەکستدا؛ جیاوازە لەحەشووکردن و درەژدادەی و پەکردنەوەو زیادەڕەوەی بەنیازی هەخەڵتاندنی خوێنەر؟! چونکە زەربەیی و حەشوکردن و درەژدادەی، گوزارشتە لەنەتوانینی نووسەر بەئیدامەدانەکی دیالەکتیکانە، بەوەی مەبەستییەتی بیگەیەنێتەوە.. ئەمە جگە لەونکردنی سەرداوی بنەڕەتی گەیانەوکان؛ زەربەی کاتیش نووسەرانی ئەو جەرە درەژدادەییە حەیران ئاسایە، لەتوانایاندا نییە بابەتکی فرەجەمسەری پەلوپە بەاو، کورت و پوخت لەداڕگەی تەکنیکەکی ئاکەشرانەدا چەبکەنەوە. گەورەترین توانستکی کاریگەرانەی گەیانەوی کەمەندکەشانەی گابریل گارسیا مارکیز لەڕەمانی؛ کەڕەنەڕە کەسی نییە نامەی بە بنووسەت-دا دەردەکەوەت، هەروەک بەخەشی ئاماژە بەودەدات کەبەیە ڕەمانی سەد ساڵە لەتەنهایی نووسیووە، تاوەکو خوێنەران ڕەمانی کەڕەنەکەی بخوێننەوە.

هەر پەیوەست بەقسەوباس دەربارەی حەشوکردن و درەژدادەی، زاتکی نەرجسی مەشرەبی خەشەویست کەبەحیساب ڕەماننووسە، کار دەگاتە ئەوەی لەڕەمانکیدا زیاد لەچل پەنجا لاپەڕەی بەبەاوکردنەوەی بابەتی وەرگەڕاوی نەو ویکپیدیای ئەم نووسەر و ئەو نووسەر پەبکاتەوەو لەوانە وەرگەڕانی زانیاریەکانی دەقاو دەقی ویکپیدیای جەرج سیمینەن-ەو وەک ئەوەی زانیاریەکان هی خەی و دەرئەنجامی خوێندنەوەی قووڵی بەت، ئاوا ترنجانوویەتییە نەو بەشی دوور ودرەژی زنجیرە گەیانەوی ڕەمانکەی و لەهەموشی سەیرتر خودی بابەتی سەرکی ڕەمانکەی لەهەردوو ڕەمانی سەبەری باو، گەمەی فریشتە-ی

کاڵڵەس وەیز زافرن-ەوە دزیوە!؟ پشتریش زۆربەی ئەو نۆرەتیقانەی بەرخیس ساڵانێکی دوور و درێژی تەمەنی لەنووسینیدا سەرفکردبوو، ئەو بە سەمینەوە شەرمکردن؛ پاش گەمەپێکردنێکی ئیبلیسییانەی زۆر وەستایانەو پێش و پاش خستنەکی کارامانەی ماتماتیکی و کەمەک دەستکاری حیلەبازانە، زۆربەی تێکستەکانی ئەو زاتەی بەهەڵەوگۆڕاوی و سەقەتی، کردە داهێنانی خۆی و کەسیفانە لەئەدەبیاتی کوردیدا بەبەدەنگی جێی خۆی کردەتەوە.. وەک چۆن لەهەندێک وتار و دیالۆگەکانی پێشووتریشدا ئاماژەم پێداوە؛ دزین جیایە لەکۆتنە ژێر کاریگەری، یان ئیلهام وەرگرتن لەنووسەرانی ترو زۆر شەوازی تری هەڵگەپێدراوی ئاشکرا، وەک تەوزیفکردنەوەی فیکرێیەک بەئاماژەکردن بۆئەسە و فەسەی سکچاڵە نۆرەیتیقەکەی و دانەرەکەی.. بەڵام نەشیاوە تە هەحی نووسەرەکە بەدزیت و بەتەمسیل کردن و تەقەموس خێت لە بەختە ئەو!؟ لەوەش سەیرتر ئەوەیە کەسانێک هەبن جا بەڵاست یان بەدرە باوەڵ بەوە بهێنن کەتە هەر ئەویت؟! چ هەزەلیاتێکە حاڵی ئەو نووسەرانەی کەچەشبوون بەدزینی ئەدەبیاتی گەلان و تابشنووسن هەر دەدزن؟!

چەند جوانە کاتێک گەستاق فلەبەر- لەنووسینەکیدا باس لەوە دەکات، پێش ئەوەی بەتەوایی فەری خوێندنەوە ببێت، زۆربەی هەمانی دەنکیختەی سەرقانتیسی ئەزبەرکردووە و تانانت لەنووسینی؛ مەدام بەڤاری- یشدا زۆر سوودی لەشەوازی نووسینی دەن کیختە وەرگرتووە!؟ بابەینەوە سەر باسی خوان هەڤەو بەیین ئەو جیاواز لەو نووسەرە دیکتاتەرە سادییانەی، چێژ لەدرێژدادی و حەشوکردنی تێکست و ئەشکەنجەدانی خوێنەر دەبینن، مەبەستێتی بەکورتی و پوختی و بەکەمترین گوزارشت و ئاماژە، بتخاتە نێو وێگەی گەانەوکانییەوە.. مارکیز سەبارەت بەسەرسامبوونی خۆی بەپیدرە پارامە دەنووسێت:
(ئەلفارۆ مەتیس؛ بەهەنگاوە فراوانکانی شەش نهەمی بەی و بەباوەشێک کتێبەوە خێکرد بەشووقکەمداو لەنێو هەموویاندا کورترین و بچوکترین کتێبی جیاکردەو بەپێکەنینەوە پێی وتم؛ ئەم نەفرەتییە بخوێنەرەوە تا فەر ببیت؟! ئەو کتێبە هەمانی پیدرە پارامە بوو، هەر ئەو شەوە تا بە دووەمجار لەخوێندنەوەی نەبوومەوە، نەمتوانی بخەوم)
کاتێک هەڤەمانی پیدرە پارامە دەنووسێت، سەرەتا لەدووسەدو پەنجا لاپەڕەدا جێی دکاتەو بەبام دواتر پاش پێداچوونەوەو پاکنووسکردنی سەدوپەنجا لاپەڕەی لە فەدەدات و تەنها سەد لاپەڕەیکی دهێڵتەوە.. هەنگە ئەمش هەکارکی تری جوانی و

جدیەتی ئەم تێکستە بێت، چ کارەساتێک دەبوو ئەگەر لەجێی لابردنی ئەو کەمە لاپەیە، ئەوەندەی تریشی بخستایەتەسەر!؟

ئەمە لەکاتێکدا تراژیدیای سەرجەم مرۆڤکانی ئەمریکای لاتین؛ بەتایبەتیش مەکسیک بەئێستاشەوە بەکەتا گەیانەوە بەسەرهات لەخەدگرێت، سەرباری کەشێ شوناس و ناسنامەو ئینتیمایان، کەمێک هاوشێوەی کورد؛ بۆچی هیچ نییە لەبەردوودا چیبووون؟! لەئێستاشدا چین و لەداهاتووشدا دەبنە چی؟! هەردەم نادیاریێک لەسەرتاپای بوونیاندا هەیە، بەدەستهاتی و سەقامگیربوون و مانگیان، لەهەندێک کاتدا تا ئەو پێتی و کەچی دەبوون و کوشندەیی و توانای لەناوبردنی بۆرامبەریان، لەکاتی چاوەڕوانکراودا، هەر بەهەمان شێوە تا ئەوپەڕی؟!

خوان ڕولفۆ لەبارەی جووتیارە سادەوساکارە مەکسیکیێکانەوە دەڵێت:
(کاتێک لەگەڵیان دەدوێت، وادێت بۆخۆیاتدا کەتوانای کوشتنی مرۆشکیان نییە، خەڵکانێک تا ئەوپەڕی لەسەرخۆ و هێمنن... جارێک لەو جووتیارانەی لەگەڵ ئەوەی فڕێباز و تەقەکەبازو لەئامادەباشیدان، بەڕام نیەتیان پاکە؛ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەپشت هەر پیاوەکیانەوە کەمێک کاری تاوانکاری شاردراوەتەوە، ئیدی ئیشکێت لەتەکەدەبێت.. نازانیت لەگەڵ کە مامەڵە دەکەیت، لەگەڵ بکوژێکی پڕۆفیشناڵ، یان لەگەڵ جووتیارێکی سادەوساکار!؟)
خوان ڕولفۆ ساڵی ١٩١٨ لەئەپەلکە-سایەلای سەر بەناوچەی خالیسکۆ-ی مەکسیک هاتۆتە دنیاوە، زەدی نووسەر شوێنکی وشکوبرنگ و وەرانخاکە، خەڵکەکەی لەبەر ئەم هۆکارەو لەبەر هەڵگیرسانی شەڕشکانی ناوچەکەش، بەناچاری ڕوویانکردۆتە شوێنانی تر.. خانەوادەکەی ڕولفۆش پاش لەدایکبوونی بچەند ساڵێک؛ ڕوویانکردۆتە سان گابرێل و کەچی لەوێش ئاشووب و نەهامەتی دەستبەردارییان نەبووە. ساڵی ١٩٢٦ شەڕشی لەس کریستیرەس بەرپادەبێت و بە سێ ساڵ بەردەوام دەبێت و دەبێتە مایەی کوژرانی باوک و هەموو مامەکانی ڕولفۆ.. لەبارەی ئەمەوە دەڵێت:
(منداڵیم گەڵێک سەخت و دژوار بووە.. تەواوی ئەندامانی خانەوادەکەمان، پاش کوژرانیان؛ لاشکانیان لەرەو لەوە فڕێدران.. ناتوانین هەموو ئەمە بخەینە ئەستۆی شەڕش، چونکە ئەوە شتێکە ڕەگ و ڕیشەی لەقووڵاییەکانی ڕابردووداکوتیووە، شتێکی قەدەری نالۆژیکیانەیە.. تا ئەمڕۆ یەک هەکار و بەڵگە نادەزمەوە کەبووە هەکاری کوشتنی ئەو کەمەڵە کەسەی خانەوادەکەمان؛ بەو شێوەیە و هەروەها هەموو ئەو کوشت و بڕو لەناوبردنانەی دیکەش؟!)

لەگەڵ بە بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی؛ چەندین ئیش و کاری جۆراوجۆری تاقیکردەتەوە، لەنگە دیارترینیشیان کارکردنی بووبەت لەکارگەی دروستکردنی تایەی ئۆتۆمبێلداو لەنامەکانیشیدا بە هاوسەرەکەی ئۆو دەمەی دەستگیران بوون، بەسەرهاتی ئۆو سەردەمانەی ژیانی، لەنگی داوەتەوەو هەر دواتریش ئەم نامانە لەدووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوکراونەتەوە.

هەرچەند تێکستە ئەدەبییەکانی لەگەڵ زانراون؛ بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەزینەوەی کەمەڵە نووسینەکەی نوێی لەگەڵ؛ دواجار دەرکەوت بابەتەکان بریتیین، لەو موحازەرانەی لەرەو لەوێی ئەم کۆو ئەو سیمینار پێشکێشیکردوون، لەگەڵ هەندێک وتاری بڵاونەکراوەش.. بەڵام ئەوەی زانراوە لەگەڵ ساڵی ١٩٥٣ کەمەڵە نەرەتیفی (پەدەشت دەسووتێت) بڵاودەکاتەوەو ١٩٥٥ هەمانی پیدرە پارامە و پاش یانزە ساڵیش لەبەدەنگی تێکستێکی بەناوی لاکەردییرا تەواو دەکات و لەنێوان ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٨یشدا (کۆشکرێک لەئاڵتوون)ی نووسیووەو ١٩٨٠دا بەچاپێکی زۆر خراپی پێ لەهەڵە بڵاوکراوەتەوەو دواتر لەساڵی ٢٠١٠دا پاش ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێشووتر، بەشێوازێکی باشتر چاپکراوەتەوە.
بەڵام ئەو زیاتر بەپیدرە پارامەکەی دەناسرێتەوەو پێی دەگاتە ئاستی نووسەرە باشەکانی جیهان و وەک بەرخیسیش لەبارەیەوە وتوویەتی:
(پیدرە پارامە یەکێکە لەباشترین نامانەکانی ئەدەبی ئیسپانی و بگرە ئەدەبی جیهانیش)
زۆرجاران لەگەڵ ئەوەی دووبارە کردەتەوە، ئەو لەخۆنەربوونیدا پێفیشناڵە، بەڵام لەنووسەر بوونیدا تەنها ئارەزووماندەکە!؟ لەوتارەکانیدا بەتایبەتیش ئەوانەی لەژیانیدا بڵاونەکرابوونەوە.. کەمەڵەک وردەکاری و زانیاری کاریگەر دەدەزینەوە، ئاوە لەهەندێک نووسەری جدی و کارامەی کەمتر ناسراوی نەو دنیای میدیاتیکی دەداتەوە، بەڵاوبڕوونی ئەو لەباشترینەکانن لەبەواری نووسینی نەرەتیف و نەماندا وەک؛ فرانسیسکە نەخاس گەنزەلیز، ئەندەریس ئینسبستروسا، نەزا یوکاستیانوس، نەمەن نەبین، ئیراکیلیە زیبیدا.. هەروەها لەوتارێکی بڵاونەکراویدا باس لەنەرەتیفێکی نووسەرێک بەناوی فیرناندە ئیسکە بینچی دەکات کەگوایە لەباخا کالیفەرنیا نیشتەجێیەو یەکێکە لەدیارترین گەڵاوەکانی مەکسیک.

بەڵام لەساڵی ٢٠٠٦دا نووسەرێکی نیشتەجێی هەمان شوێن بەناوی دانیە سادا لەبارەی ئەو نووسەرەی نەگەڵ ئاماژەی پێداوە.. وتی؛ هیچ

کەسێک نییە دوورو نزیک هیچ شتێک لە بارەی ئەو نووسەرەوە بزانێت!؟ لەوێکی تریشەوە قسەوباسی گەرم و گوڕ تاهەنووکەش لەنێوان هەوادارانی ئەدەبیاتی ڤانتازیا بەردەوامە، کە بەچی هاوشێوەی نووسەرانی تر بەزنجیرەیەک لەڕمان و نەرێتیشی بەردەوام درێژەی بەباوکردنەوەی کتاب نەداوە، هەر بە نموونە هاوشێوەی ئەو ڕمانەووسانەی کەسانێ یان چەند ساڵ جارێک لانی کەم ڕمانێک بڵاودەکەنەوە!؟

پەدەچێت زۆر هەکار هەبن، بەڵام سەیرترینیان ئەو شوبهاندنەی گەورە نووسەری هیندەراسی؛ ئێگاستە مانتیرەسە- ی هاوڕێی ڤانتازیە لەنەرێتیشکیداو لەکتێبی(بەرانە ڕەشەکەو حیکایەتی تریش)دا بڵاوکراوەتەوە.. کاراکتەری نەرێتیشکە ڕەویەکە پاش ئەوەی هەست بەبێزاری و بێوازی دەکات، بیار دەدات ببێتە نووسەر، هەر بیە نەرێتیشک دەنووسێت و دەبێتە مایەی سەرسامبوونی خوێنەرانکی زۆر، ئیتر وەڵای دەستخۆشی و پەداهەدانی داوای تێکستکی نوێی لەدەکەن و ئەویش تێکستی دووهەمیش دەنووسێت و وەک جاری پێشوو مەدح و سەنایکی زۆر دەکرێت و ئینجا داوای تێکستکی تریشی لەدەکەن و ئیتر لەرەدا ڕەوی لەبار ئەوەی ڕەویە؛ لەگەڵی چواردەورەکەی تەدەگات و دەزانێت ئەم هەموو داواکاری بەردەوامبوونە لەی؛ بە ئەویە بەنووسینی دەقکی خراپ تێبکەوێت و تا ئەو دەم هەر ئەم موعجیبانەی لەئێستادا پێیدا هەدەدەن؛ لەلووتکەی ناوبانگ و شەرتیەوە فڕێیدەنە خوارەوە!؟

سەرچاوەکان:

*بیدروبارامو/خوان رولفو/ترجمە؛صالح علمانی/سعودیە-الدمام۲۰۱۳

*السهل یحترق/خوان رولفو/ترجمە؛علی عبدالرؤوف البمبی/القاهرە۲۰۱۳

*https://hafryat.com/ar/blog/%D8%A8%D9%8A%D8%AF%D8%B1%D9%88-%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D9%85%D9%88-%D9%84%D8%AE%D9%88%D8%A7%D9%86-%D8%B1%D9%88%D9%84%D9%81%D9%88-%D8%AA%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%AE-%D8%A8%D8%A3%D9%83%D9%85%D9%84%D9%87-%D9%81%D9%8A-%D9%85%D8%A6%D8%A9-%D8%B5%D9%81%D8%AD%D8%A9-%D9%85%D8%AF%D9%87%D8%B4%D8%A9

*http://dipnotkitap.net/OYKU_ve_NOVELLA/Pedro_Paramo.htm

دەنگەکانی نێو بیرۆکەکانی موسا عەنتەر.. نووسینی: یوسف عزەدین

(دەنگی ئەقڵ؛ هەمن و خامۆش)
"زیگمەند فرەید"

چ سەیرە گۆرەبیرمەندو فەیلەسوفێکی بەناملی وەک ئێستە، خوەقنەری پرسیارە پێ ئیشکال و وروژنەری پارادۆکسە مەعریفییەکان، زۆر ڕاشکاوانەو بەزوبانێکی بێ گرێ و گۆ بێت؛ کەیلداری و بەکەیلەکردنی ئەوانی دیکە لەپێداویستییە کەمایەتییەکانەو حەتمەن پاساوی بۆ ئەمش لێو دەگمایەوە سەرچاوە دەگرێت کەپلی وایە خێڵکانێک بەخانەدانی دەنێ دنیاو خێڵکانیکی تریش بەیە دەنێ دنیا تا ببنە کەیلەو مامێیەکی هاوشێوەی ئاژەڵان یان بگرێ لەوان کەمتریشیان لەگۆ بکرێت.

خودی ئەو ئێستەیەی کەبەیەکەمین ئوستاد ناسراوە، پلی وابووە شاڕاوە سەربازییە داگیرکارییەکانی خاوەن کەیلەکان، بەتایبەتیش گریکەکان بە بەدەستهێنانی کەیلە، شەرعی و ڕەگەپەدراوە؛ هەروەک چۆن ڕاوکردنی ئاژەڵان شەرعی و ڕەگەپەدراوە؟! چەمکی ئازادی لای ئەو بەواتای مانەوەی خاوەن کەیلەکان لەدەسەڵاتی ڕەهایانداو هەروەها مانەوەی کەیلەکانیش لەکەیلەبوونیاندایە کەبەبچوونی ئێستە ئەوپەڕی چاکەکاریە کاتێک کەیلەیەک دەکرێتە کەیلەو بەمش بەختیار دەبێت لەژیانێکی ئازادانەی تایبەت بەخۆیدا؛ چونکە ئەو تەنها بە ئەوە هاتۆتە دنیاوە، تا ببێتە کەیلە. هەر بەیە سەیر نییە، کاتێک دەزانین لەهەندێک جارانداە، ڕەژەی کەیلەکان لەسەداهەشتای دانیشتووانی ئەسینای پێکهێناوە و جگە لەسیاسەتکردن و بەشداریکردن لەحوکم و دەسەڵاتدا کەقەدەغەبووە لێیان.. لەزەرێک کاری جەراوجێدا بەکارهێنراون وبەڵای ئێستەش باشترین جۆرەکانی کەیلەش، لەڕەگەزە ئاسیایی و نەتەوەکانی تری جیاواز لەڕەگەزی گریکیدا هەڵدەکەون و هەموو ئەو ڕەگەز و تووخمە مرۆڤە غێرە گریکییانەشی بەبەڵە ناوبردووە!؟

باشترین نموونەیەکی زیندووش بۆ بەرجەستەبوون و پاکتیزەکردنی بیرکەی بکەیلەکردنی میللەتانی تر، لەخودی کارو کردەوەی داگیرکارییانەی، ئاسکەندەری مەکەدۆنی؛ شاگردەکەی ئەستەدا دەبینینەوە .
بەسەرهاتی بکەیلەکردنی مرۆڤ و قۆناغی کەیلەداری لەووی مێژووییەوە، زۆر پێش ئاسکەندەری مەکەدۆنی دەستیپێکردووەو پاش چەندین سەدەی یەک لەدوای یەکیش ئیدامەی هەبووەو لەهەمووشی سەرنجاکێشتر و تراژیدیتر، داهێنانەکی ئیبلیسیانەی مرۆڤ بووە، بۆ خەساندنی کەیلەکان؛ نەک هەر هاوشێوەی ئاژەڵان، بەڵکو زۆر لەوانیش خراپتر!
سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زایین، سیستمی کەیلەداری لای سەمەریەکان لەمیزەپەتامیادا دەبینرێتەوەو پاشان ئاشووریەکان یەکێک بوون لەو دەسەڵاتدارە دڕندانەی بەناوبانگ بوون لەخەساندنی کەیلەکانیانداا، هەروەها فیرعەونییەکان، چینییەکان و ...!؟
پێناچێت بەدرێژایی مێژوو، هیچ حوکم و دەسەڵاتداریەک بەخستنەگەڕی ئەقڵانییەت و جێ بەجێکردنی نەرم و نیانی، توانیبێتی درێژە بەتەمەنی حوکمی خۆی بدات و ڕەنگە ئەستەمیش بێت، دەسەڵاتێکی لەو چەشنە ڕاشکاوانە لەماوەیەکی زەمەنی بەرچاودا ببینرێتەوە!؟
ئیدی مێژووی کەین و فرەشتنی کەیلەکان و بکارهێنانیان بەدرێژایی مێژوو بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە سەردەمی دەسەڵاتدارە ئەمەویی و عەباسیی و سەلجووقی و دواجار لای عوسمانییەکان لەشێوازێکی پەرەپێدراو و سیستەماتیکدا، دەبێتە دەزگایەکی تایبەتی گرنگ لەحوکمداری سوڵتانە یەک لەدوای یەکەکاندا. ئەو منداڵە خەسێنراوانەی کەزەریان لەلایەن باندەکانی ڕفاندن و خەساندنەوە دابین دەکران و پاش کێنەوەیان لەلایەن کاربەدەستانەوە، دوای چەندین جار مەشق پێکردن و شێوازی فێرکارییانە، تەکێە بەحاشیەی کشکی سوڵتان و شوێنە هەستیارەکان دەکران؛ بەتایبەتیش شوێنی تایبەتی مانەوەو گوزەرانی ژن و کەنیزەکەکانی سوڵتان و دەسەڵاتداران. حەتمەن لەزەر کاروباری جەراوجەردا بەکاردەهێنران، لەوانە بەتاکردنەوەی ئارەزووە سێکسییە هەمەسێکچێکانی سوڵتان و پایەدارەکانی دەوڵەت، تا دەگەیشتە کاروبارە موخابەراتی و سیاسی و سەربازییەکانیش، هەر بە نموونە سوڵتان مەحموود یەکێک لەکەیلەخەسێنراوە باوەڕپێکراوەکانی خۆی گەیاندە بەرزترین پلەی سەربازی و کاروبارێکی زۆری دەوڵەتیی دایە دەست و پلەی پاشاشی پێ بەخشی.
ئەوەی مێژووشی خۆشدەبێتەوە، دەزانێت چۆن کافوری ئەخشیدی لەکەیلەیەکی خەسێنراوەوە گەیشتە بەرزترین پلەکانی حوکم و

دەسەڵاتدارێتی سەردەمەکەی خۆی.
تەنانەت لای خانەوادە چینییە هەژارەکان، لەسەردەمانی قەناغی کۆیلەداری و حوکمی ئیمپراتۆرەکاندا، بەویستی خۆیان و بگرە بەکەشش و هەوڵێکی زۆر منداڵێکی نۆرینەیان دەنارد کشک تابێتە کۆیلەیەکی خەسڵەنراو، بگومان بەهەمان شێوەش خانەوادە نەدارەکان منداڵی مێینەشیان دەنارد تا ببێتە کەنیزەک. جگەی سەرنجە کاتێک لەسەرچاوە مێژووییەکاندا، ئاماژە بەبەکارهێنانی منداڵانی ڕەش پێستی کۆیلەی خەسڵەنراو لەخزمەتکردنی دەرو کۆشاکاندا کراوە بەتایبەتیش ئەو شوێنە تایبەتانەی کۆشکاهیبەکانی تێدا ماونەتەوە؟!
دکتۆرێکی فەڕەنسی بەناوی دکتۆر کۆلەسەردەمی محەمەد عەلی پاشادا، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا پزیشک و بەڕێوەبەری سەکتەری تەندروستی بووە، لەکتێبێکی ناوازەو گرنگیدا کە پشکۆش بەخودی محەمەد عەلی پاشای کردووە؛ بەناوی ناساندن یان خستنەڕووێکی تایبەت بەمیسر.. لەلایەن محەمەد مەسعودی کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی میسریی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا کراوەتە عەرەبی و لە ل٦٣٠ی کتێبەکەدا* دکتۆر کۆت، سەبارەت بەکردەی بەردەوامی خەساندن لەمیسردا دەنووسێت:
(لەئێستادا کردەی خەساندن تەنها لەمیسردا ماوەو ئەڕۆ بەتەواوی سەرچاوەی ناردنی کۆیلە خەسڵەنراوەکان بۆ شوێنانی تری دنیا، هەردوو شاری ئیسیووت و جورجا تاقانەن لەماناوەی ئەم کردەیە تێیاندا و کۆش باوەڕدەکات؛ سەرانی ئەم کردەیە نەک هەر کەمێک مەسیحیین، بەڵکو پیاوانی ئەکلیرەسی قیبتیین کەبوونەتە مایەی شەرمەزاری بۆ ئایین و پێڕەوێکی ڕەش بەتەواوەتی مرۆڤایەتییەوە... ئەوانە ساڵانە ٣٠٠ کەس دەخەسێنن؛ بڕیتیین لەمنداڵانێک تەمەنیان لەمابەینی ٦-٩ ساڵاندایە...)
هەڵوێستی دکتۆر کۆت لەهەمان سەرچاوەی ئاماژەپێکراوماندا دێت:
(بەو پەڕی پەیان وایە پایزان لەبارترین وەرزە بۆ خەساندن، لەپایزدا دەخەسێنرێن و خەساندنیش تەنها بەبێنووی ئەندامی نەرینە، چووک ناگرێتەوە، بەڵکو گۆ و گونەکشی لەبنا لەگۆ دەبڕنەوەو بەخڕایی ڕەنی قرچاوو دەکەن بەسەر شوێنی بێنووکەدا... پاشان خانەی تەدگرن و ئینجا منداڵە ئشکەنجەدراوەکە تا ئاست سەر ورگی لەنێو عەردا دەنێژن و پاش بیست و چوار سەعات لەنێو عەردەکەی دەردەهێننەوەو شوێنی بڕینەکەی بەقووەی ئەبلیزو ڕەن چۆر دەکەن.. بەم کردەیەش چواریەکی ئەو منداڵانەی دەخەسێنرێن دەمرن و ئەوانەی دەشمێنن، ژیانی لەوەو دوایان لەبەدەسەڵاتی و ئازاردا دەگوزەرێنن...)

بەسەرهاتی خەسنراوەکان؛ سامناکترین بەسەرهاتەکی تراژیدیە کەدەلالەتکی ڕوونە بۆ بەسنووربوونی دنندەیی هەموو ئەوانەی بەدرێژایی مێژووی ئەو کردەیە بەشداری ئەکتیف و ئاستەوخۆیان کردووە و ئەوەی وایلێکردین ئەم کورتەپشکیەش بخەینەڕوو، بەشکی کتێبی بیرەوەریەکانم-ی موسا عەنتەر**
لەبەشی (ئاغای حەرەم و سومبول ئاغا) لەلاپەڕە ٥١٩-٥٢٠دا هاتووە:
{خانی دایکی گەورە لەئیستانبوول، بازاڕەکی گەورەی کەین و فرۆشتنی کەنیزەک بوو، من خۆشم شوێنەکەم بینیووە، کاتی خۆیشی لەوێ، لەسەر سەکۆیەکی وەک سەکۆی شانۆگەری کەنیزەکانیان نمایش دەکرد، بەنام ئەو کاتەی من بینیم کەنیزەی لە نەدەفرۆشرا. ساڵی ١٩٢٣، کاتێک کەشکی عەبدولمەجیدی دوایین سوڵتانی عوسمانی بە خاوەن دەمانتۆوە پارش و بڵاو دەبۆ، دوای ئەوەی سوڵتان بڕۆ ئەوروپا دەرکرا. کەنیزەکان بە خاوەن مانەوە، ئەوسا لەکەشک دوو جۆر کەنیزەو جاریەی هەبوو. کەنیزە هەشکان ئەوانە بوون کەلەئەفریقاوە بەدەستهاتبوون، بەنام سپی پێستەکان ئەوانە بوون کەلەئەوروپاو قەفقاسیا هەنرابوونە ئیستانبوول، لەسەردەمەکانی کۆتایی دەسەڵاتدارێتی عوسمانی کەنیزە لەئەوروپاوە نەدەهێنران، بەڵکو زیاتر لەقەفقاسیاوە کەنیزە دەهات و زۆربەیان چەرکەس و جۆرجی بوون، چونکە خەڵکی وڵاتانی قەفقاس زۆر جوانن. تا ئەو ئاستەی لەوە شوێنیان بە پێگەیاندنی کەنیزەکردبوو.. دەڵێن پیاوە دەوڵەمەندەکان بایی پێویستی خۆیان زیاتر، کەنیزەکی جوان جوانیان دەکەی، هیچ یەکەکیشیان لە٢٠-٣٠ دانە کەمتریان نەدەکەی، جگە لەو کەنیزەکانە ٢-٣ دانە کەنیزەی گەنجی قەزیشیان دەکەی، ئینجا ئەوانیان بەیەکەوە جووت دەکەردو ئەو منداڵانەی لەوانە دەکەوتنەوە، وەکو بەرخ دەیانفرۆشتن.

ساڵی ١٩٤١ کەهاتمە ئیستانبوول، ٣٥ دانە لەو کەنیزەک و کەنیزەو خەدەم و حەشامانە لەژیان مابوون… ئەو کەنیزەکانە کاتێک کەشکی دوایین سوڵتانی عوسمانی نامانەت، دەکەونە کوچەو کەڵانەکان هەریەکەو لەلایەک بەسەدقەو زەکاتی دەوڵەمەندەکان خۆیان بژیانەوە هەڵواسیبوو… دەربارەی ئەو ژیانە کولەمەرگیەیان هەژدەک کاک فالیح ئیفقی بەسەرهاتەکی ئاوای بۆ گێڕامەوە:
(ئەو قوربەسەرانە پەرشان ببوون، چونکە کابرا لەنەو کەشک گەورە بوون، بۆیە زۆربەیان کەسانی خوێندەوار و هەشنبیر بوون، منیش ئەوارەیەک دەخی ژیانیانم بۆ ئەتاتورک باسکرد، بەنام ئەو لەگەڵ ئەوەی گوتی: "نانا شتی وا چێن دەبێت" بەنام بەوەداوەکە نیگەران بوو، بۆیە فەرمانی دەرکرد تا داهاتی خانی گەورەی سیرکەجی

ئیستانبوو بدرێتە ئەوان کەلەسوڵتانکانەوە جەماوەر، لەکاتێکدا ئەو کەشکەکی سوڵتانکان هەیە، با هەموویان بەدرۆزایی تەمەنیان لەوە بژین، وەک دیاریشە کەسیان منداڵیان نییە، بۆیە کەمەردن شوێنکانیان دووبارە ئادەستی دەکرێتەوە. فەرمانکەی ئەتاتورک دوای دەرچوونی جەبەجێکرا، بۆیە من بیرم دە دوای ئەوە زیانێکی ئیسراحەتیان بەسەربرد)...{
ئاشکرایە سەرتاپای کتێبی بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر شایانی هەڵوەستەکردن و لێخوردبوونەوە و تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەیە؟! بەو شێوازە سادەوساکارە خەسڵەکی لێگەڕانەوەی ڕووداوەکانەدا، ئاستگیانە ڕووبەڕووی دەیان پرسیاری ئەنتەلەژی و مێژوویی و کەڵتووری و سیاسی و سایکۆلۆژیت دەکاتەوە! ئەم چێشنە لێنووسینەوەی بیرەوەری مەدرەسەیەکی بە وێنەو تایبەتە، بەدنیایشەوە کەمن ئەوانەی توانیویانە ئاوا بەئاشکاویی و ئاستگیانە ئەوەی دەیانەوێت لەمیانی زنجیرە گەڕانەوەکانیانەوە بەرجەستەی بکەن. ئەمەش بەواتای ئەوە نایەت، کەهیچ بن دەو واتای شاراوەو پەنهان لەنەو کتێبی بیرەوەرییەکانی ئەو زاتدا نییەو هەروا هەر چییەکی لەهەگبەدا بووە هەیەشتووە. نەخێر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا؛ ئەم چێشنە لێنووسینەوەی بیرەوەری مەدرەسەیەکی بە وێنەو تایبەتە، واتە گەڕانەوەکانی تەنها ماتەیاڵێک نین بە دراماو فیلم و نەرێتیف و ڕۆمان و ژانرەکانی تری ئەدەب کەبگوومان دەشێت لەو ڕووانگەوە سوودی لە وەربگیرێت و بکرێتە سەرچاوە. بەڵکو دەتوانین بڵێین ئەم پیاوە لەپشت ناونانی کتێبەکەی بکتێبی بیرەوەرییەکانم و پێبەخشینی خەسڵەت و سیمایەکی ئەدەبی سادەو ساکار، ویستوویەتی جگە بە نهێنییە مێژوویی گەورەکان بکاتەوە، لەوانە گەر خوێنەر لاپەڕە ٥٥٧ تا لاپەڕە ٥٥٩ی کتێبەکە بخوێنێتەوە، ئاستی ئەو ئەرشیفکردن و درکاندنی زانیارییە تایبەت و نهێنییانەی بە دەردەکەوێت!؟
موسا عەنتەر پیاوی سەدەکەی خۆیەتی و یەکێکە لەو مەزنانەی کەناشت لەداهاتوودا؛ بەبێ ناسین و ناساندن و کارکردن لەسەر تەوانینە فیکری و کلتووری و سیاسییەکانی، هەنگاوێکی ئاست و دروست بنرێت!؟ ئەم پیاوە پێش ئەوەی بکوژرێت، زەربەی ئەوەی ویستی گوتی؛ جا چ بشەوازە ئەنتاڵیەکەی کەکەسە نزیکەکانی لێی ئاگادارن و چ بشەوازە نووسراوەکەشی وەک ئەم کتێبەی کەپشتر بتورکییەکەی خوێندبوومەوەو دواجاریش بەم وەرگێڕانە کوردییە جەدی و جوانەی"محەمەد عزەدین" شادمان بووم.
جا هەر بۆیە وەک خەم مەبەستم بوو، زیاتر هەوڵستە لەسەر ئەو بەشە تایبەتەی بکەم کەتێیدا دواییەن بەسەرهاتی تراژیدی کێڵەو

خەسڵەتەکانی عوسمانییەکانمان پێ دەناسێنێت!؟ بابەتێکی زۆر تایبەت و گرنگی مێژوویی، دەرکەیەکی کراوەی خوێندنەوەی ماجەرای ڕووداوە مێژوویەکانە بەشێوەیەکی بابەتیانە، چونکە هەر لەپاڵ ئەم جۆرە شەڕعیەتدانە بەبازرگانیکردن بەکێڵگەو مامەڵەپێکردنیانەوە لەقەڵەمڕەوی حوکمی عوسمانییەکاندا، لەهەمان کاتیشدا لەووی تەلارسازییانەوە وەک لەوتارێکی ساناندک لەمەوپێشمدا ئاماژەم پێدابوو، شۆن و جێگەهەلانەی باڵندەیان لەدیزاینی کشک و باڵەخانەکانیاندا جێکردەتەوە.. یان دەشێت بڵێین مێژوو یەک ئاست و یەک ئاراستە نییەو دەتوانرێت لەژێر ڕووی تەوەرە بەوانرێتە هەمان مێژووی ساناندکی دووبەرەژی عوسمانییەکان!؟

جوانی نووسینەوەی مێژوو ئەوەیە لەگەک و کێنەوە هەنەقوونێت.. هەروەک چۆن موسا عەنتەر بەو پەڕی ئاگاییەوە سەرنجمان بۆ ئەو هەوڵەستە مێژوویەی ئەتاتورک ئادەکەشێت و تەمان دەگەیەنێت ئەو وەک سەرۆکی دەوڵەتێک، لەئاست گرفتێکی پێشتر خووقەنراوی دەسەڵاتێکی پێشووتردا، دەستەوسان و خەم سارد نابێت و بەکوبوونەوەی گرنگییەوە مشووری بۆ دەخوا. بۆیە پێویستە وەک خوێنەرێکی جدی بپرسین، بۆ موسا عەنتەر دەیەوێت ڕووبەکی تری ئەو زاتەمان پیشان بدات.. ئاستە ئەوەی لەزاری فالیح ئیفقییەوە دەیگێڕێتەوە، حەقیقەتێکی مێژوویە، بەڵام دەشیا خەی لە ببوونەت و نەیگێڕێتەوە؟ بگوومان ئەمە یەکێکە لەو پارادەکسە جوانانەی گەڕانەوەکانی موسا عەنتەر و خوێندنەری بەسەلیقەو جدی پەلکەشی دنیایەک پرسیار و هەڵدانەوەی سەرلەنوێی پەڕەکانی مێژوو دەکات!؟
هەروەک چۆن لەکەڕەکی کاریگەری ئەمانی بەڕێگەز هیندی***، پسپۆڕە لەمێژووی عوسمانییەکاندا بەناوی سورەیا فاروقی، بەشێوازێکی نوێی لەکەینەوەو وەدەرخستنی مێژووی ناڕەسمی و شاراوە، زۆر حەقیقەتی نوێی کەمتر ئاوڵەدراوەی هەناینەوە، بەشێکی نهێنی کارکردنە مێژوویەکەشی پێویستبوو بەدەستبردنی بۆ ئەو بەگەو نووسین و نامانەی دیلۆماتیەکان نووسیبوویان کەتێیاندا هەیە پێش ئازادبوونی ساناندکی دووبەرەژی وەک دیلێک لەژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بەسەربردبوو.

لەو سەرچاوانە نووسینەکانی دیلێکی ئەمانییە بەناوی میخائیل هیری(١٥٦٠-١٦٢٣) کەبە ماوەی دەساڵ وەک سەوڵەدەری پاپەڕەکان هەتەندراوەتەوەو دەڕەت جارەکیان کاتێک خاوەنی ئەو پاپەڕەی تێیدا وەک کەلەپێک کارمان تێیدا دەکرد، داوای لەکاپتنی پاپەڕەکە کرد کەزیاتر بەقامچی پشتمان سوور بکاتەوەو تا دەست و بردبکەین و چالاک

بین، کەچی لەوەڵامدا کاپتن بۆگزیدا دەچێتەوە و دەڵێت ئەم گیراوو دیلانە پێویستیان بەخۆراکی زیاترە نەک لەدان و تەنانەت پێیدا هەڵدەشاخێت و دەڵێت؛ ئەوانیش وەک تۆ مرۆڤن و دەبێت وەک مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت.. نەک وەک ئاژەڵ؟! بەپێی گێڕانەوەکەی میخائیل هیری دواجار کاتێک خاوەن پاپۆڕەکە دەبینێت، سەرجەم دیل و شاگردەکانی کاپتن پاپشتیی دەکەن، هیچی پێ ناکرێت و ئەمەو زۆر نموونەی کاریگەری مرۆڤ دۆستانەی ئینسانەکان، کەلەڕدا جێیان نابێتەوە.

شایانی باسە موسا عەنتەر لەسەرجەمی گێڕانەوەکانیدا، پێناچێت مەبەستی بووبێت خەیمان لابکاتە پاڵەوان، بگرە مامەڵەیەکی ئەنتی هەرەش لەگەڵ خەیدا دەکات! بەتایبەت کاتێک دەبینین ئەو موسایەی چەند جارێک دەگیرێت و ئەشکەنجە دەدرێت، کەچی دواجار دەتوانێت لەگەڵ زۆرێک لەپیاوانی دەوڵەتدا هاوڵێ بێت و تەنانەت لەگەڵیشیان بخواتەوە و گاڵتەو گەپیشیان لەگەڵ بکات؟ یان لەکاتێکدا کەلەیان بۆشکێی زۆری خەڵکی ئاسایی و کەسایەتییە ئاینییەکانەوە وەک کەمانیستێک ناسراوە، کەچی دەتوانێت لەمیانی سەردان و بەسەرکردنەوەو دیدارەکانیدا لەکات و شوێنی پێویستدا وەک دیندارێک نوێژ بکات و بۆشدار بێت لەمەراسیم و بۆنە ئاینییەکاندا.. لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت تێکەڵ بکۆشی ئایینی جولەکەکان بێت و ببێتە پارچەیەک لەوان و جێ متمانەیان!؟ بەیە دەتوانین بڵێین موسا عەنتەر ئاوێنەیەکی پێکهاتووە لەچەندین پارچەی شکاوی جیاجیای کەکراوەو کەسێکە دەگات بەو ئاواتەی کەمبەستی بووە؛ هاوشانی شێخ سەعیدی پیران و سەیدەزاو قازی محەمەد، دەبێتە ناوێکی نەمر!؟
پاش کوژرانیشی لەماڵەکەی خەیداو بەرانبەر بەو دار چنارەی کەزۆری خۆشدەویست؛ خرایە ژێر خاک و هاوکات هەمان شوێنیش کرایە مزگەوتێکی تایبەت بەوێنەو کتێب و کەلوپەلێ تایبەتییەکانی و تەنانەت گەڕوییە خوێناوییەکانیشی وەک تابلۆو شایەتحاڵێک لەوەدا هەواسراون و گرنگترین وتەیەکی عەنتەریش لەکتێبەکەیدا سەبارەت بەکەیلەکانە کەدەڵێت: (بەبڕوونی من، شەهیدی ڕاست و دروستی مرۆڤایەتیش ئەو کەیلەو کەنیزەکانەن، ئەگەر نا ئەوانەی لەجەنگ خەڵک دەکوژن و دەکوژرێنەوە شەهید نینە؟!).

سەرچاوەکان
https://www.kutubpdfbook.com/book/%D8%AA%D8%AD%D9%85%D9%8A%D9*%84-%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D9%84%D9%85%D8%AD%D8%A9-%D8%B9%D8%A7%D9%85%D8%A9-%D8%A5%D9%84%D9%89-

%D9%85%D8%B5%D8%B1-%D8%A3-%D8%A8-%D9%83%D9%84%D9%88%D8%AA-%D8%A8%D9%83.html
** بیرۆریەکانم/موسا عەنتەر/ لەتورکییەوە محەمەد عزەدین/دەزگای فام۲۰۲۱
***
https://alaalam.org/ar/society-and-culture-ar/item/445-622071216

فەینی پیدرە لەبەکەتادا.. ن: ئەنریک ئەندرسن ئەمبەرت ئەنەلەیز و: یوسف عزەدین

کورتە ئەنەلەیزکی تەکستی فەینی پیدرە لەبەکەتادا

{نووسەر ئەوە دەنووسێت کەدەتوانێت و خوێنەریش ئەوە دەخوێنێتەوە کەدەیەوێت} بەرخیس

ئەم تەکستە گەلانەوەیی نووسەری ئەرژەنتینی ئەنریک ئەندرسن ئەمبەرت، بەسەرهاتی ئەو پیاوەیە کەبا لەگەڵ خۆی بردی، تەکستەکە دەیەوێت قەناعەتت پێبکات کەهەر بەڕاستی کەسێک هەیەو ناوی پیدرەیەو پاش تووش بوونی بەنەخۆشییەکی نەناسراو و دەستنیشانەکراو لەڕووی زانستییەوە، هەدی هەدی کەشی بەرەو کەم بوون و دابەزین دەچێت و تا دواجار وەک پەڕەی باێندە یان باڵندەک با دەتوانێت بەرزیبکاتەوەو لەگەڵ خۆی بیبات!؟
دانەری ئەم تەکستە لەگەڵ شاراوەترین و کاریگەرترین خوونی دەرینی بنیادەماندا مامەڵە دەکات؛ ئەویش حەز و خولیای فەینە.. توانیوویەتی ناوازەترین تەکستەکی ڕیالیزمی جادوویی بەم بخووقەنێت و لەفەزایەکی فراوان و بەرینی داهێنەراندا، فەینی پیدرە بکاتە هوودواوەکی نامۆئلوف و سامناک!؟
دەکرا خودی نووسەر، ئەم بیرەکە ناوازەوسێیرو سەمەرەیەی کەبەدابەزین وکەمبوونەوەی کەشی پیدرە دەست پێدەکات و دواجار دەبێتە هەکاری بەرزبوونەوەو فەینی؛ لەنووسینەوەی نۆڤێت و نۆڤێللا

و ماندکدا بکاربهێنێت، بەڵام ئەنریک ئەندرسن ئەمبەرت وای نەکردووە و ئاگاڕ کەسکیش بیووێت ئەم بیرکەیە بدزێت و لەژانرەکی ئەدەبیدا تاوزیفی بکات، بەبێ ئاماژەدان و کەشفکرنی سەرچاوەی دزیەکەی، تەسەوردەکەم پێش هەر شتێک، بە ئەدەبی و بە هەزی بڕانبەر بەخوێنەرانی خۆی کردووە.. کەواتە هەرگیز نایویستووە بە ئاو خوێنەر نموونەیەی بنووسێت کەئیمبەرتە ئیکە باسی لێوەکردووە!؟ یان تەسەووری نەکردووە، خوێنەرەکی زیرەک هەبێت و دزیەکەی کەشف بکات و ئیتر لەڕاوە هەموو دیوارەکانی ئاو کەشکەی سالانەکە بەدزینی ئەدەبیاتی جیهانی پڕکاوەی ناوە، وەک پوولی دەمینە یەک لەدوای یەک دەووخێت!؟
ئاشکراشە دزین جیایە لەکاوتنە ژێر کاریگەری، یان ئیلهام وەرگرتن لەنووسەرانی تر و یان زۆر شێوازی تری هەگبەپڕاوی ئاشکرا، وەک تاوزیفکردنەوەی فیکرەیەک بەئاماژەکردن بەئاسە و فاسەی سکچاەە نەرێتیڤەکەی و دانەرەکەی.. وەک جەلالەددینی ڕۆمی دەفەرموویت؛ هەرچییەک فەربووین بەهەڵەکانیشمانەوە، لەعەتارەوە فەربووین.. مەبەستی لەعاریف و شاعیر؛ عەتاری دانەری لەژیکی باندەیە.
ئەنریک ئەندرسن ئەمبەرت، زۆر بەسادەیی و بە گرێ و گۆ، بەخوەقاندنی فانتازیایەکی تایبەت و تا ڕادەیەک هاوشێوەی ئاو ئاوگۆڕەی بەسەر کەسایەتی گریگاری سامسای کەسایەتی نەڤللای مەسخ-ی کافکادا دێت، ئاوگۆڕەکی تایبەت بەسەر پیدرەی کەسایەتی سەرەکی کورتە نەرێتیڤی، فاینی پیدرە لەبەکەتادا دێت.. هەرچەند پیدرە وەک گریگاری سامسا، نابێتە قالەنچە؟! بەکو پیدرە هەر پیدرەیە، لەشکە و شێوە بنیادەمیەکەی خەیدایە و گەورەترین گرفتیشی دابەزینی بەردەوامی کەشیەتی، تا کار دەگاتە بەرزبوونەوەو فاینی.. ئیتر بەناچاری پیدرە داوا لەژنەکەی دەکات:
{- هیبە.. بەزەحمەت لاقم بەدەڕابی کتێبکانەوە ببەستەرەوە.. تا پزیشکەکە دێت و چارەیەک بە ئەم دەردەی من دەبینێتەوە..
هیبە گوریسەکی قەوی و پەیژەیەکی هێنا، بەتوندی گوریسەکەی بەلاقیەوە گرێداو توند بەرەوخوار ڕایکێشا.. جەستەی لەبنمیچەکە جودا بووەو وەک باڵۆنێک بەنەو ژوورەکەدا فڕی و پاشان نیشتەوە}.
ئاو گەمەیەی ئەم نووسەرە ئەرژەنتینییە لەگەڵ خوێنەری دەکات، جیاوازە لەگەڵ زۆر شێوازی دیکەی نووسینی ئەدەبیات، کەکەم تا زۆر و لەزۆر کاتدا بەمەبەستی درێژکردنەوەی مەودای تێکست، کەمەک وەسفی بە کەک و پەڕگرافی زیادەو دیالۆگی بەزیاد تە ئاخنراو و هەندەک شتی تری تێکەڵ دەکرێت؛ تا هەندەی نووسەر مەبەستییەتی درێژ ببێتەوە.
لەم تێکستەو تێکستە نەرێتیڤکانی تریشیدا، ئەنریک ئەندرسن

ئەمبەرت لەپانتایەکی زەر بەرتەسک و لەمیانی کەمترین وشەو دەربەندا؛ فراوانترین و بەرینترین شەوازکانی گیانەوەرانی دەخووقێنێت، ئەم جگە لەوەی لەم تەکستەدا، پیدرێ تا ئەوپەڕی فەین؛ لەبەکەتادا دەفەت و کەتایی تەکستەکەش دەبێتە سەرەتاو دەسپێکەکی تری گیانەوەکە و بەتەواویی خوێنەر هووبەووی چەندین پرسیاری دیکە دەکاتەوە!؟

ئەلبەرتە مانگوێل دەڵێت:
دیارە ئەدۆنیس چاوەڕێی زەر شتی ئیجابیی لە حزبەکەی سەرۆك کردووەو لەمیانی نامەکەیدا دەگەیتە ئەو ڕاستییەی هێشتاکە هەر بەتەمایە.

ماوەتەوە بڕین، بەر لەوەی ئەدۆنیس خەڵاتەکەی وەربگرێت، بەر لەدوو هەفتە، گۆڤاری "دەر شبگۆا" چاوپێکەوتنێکی لەگەڵا سازکردو ئەنجامدەری دیالۆگەکە توانی ئەدۆنیس لەگۆشەیەکی کوشندە-دا تەنگەتاو بکات، کاتێك بەئەدۆنیس-ی گوت:
(بەڕام تۆ پاش ڕاپەڕینی گەلانی سوریا، بەچەند مانگێك، نامەت بۆ ئەسەدد ناردووەو بەشکڕمەندیی و ڕێزەوە وەسفی دەکەیت کەئەو سەرۆکی هەڵبژێردراوی وڵات و گەلە، تۆ ئەو شەرعییەتەی پێدە بەخشیت کەشایانی نییە).

_____

سەرچاوەکان
http://www.aljazeera.net/news/cultureandart/2015/9/ %8A%D8%A9*
**http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=263205

یوسف عزەدین لەگفتوگۆیەکی گۆڤاری لڤین-دا … سازدانی: وریا باقر

(یوسف عزەدین یەکێکە لە دەنگە جیاوازەکانی ناو دنیای فیکر لە دنیای ڕۆشنبیری کوردیدا. ئەو خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لەنوسینداو هەر ئەوەشە کە ڕەسەنایەتی پێبەخشیوە. لەم دیدارەدا گۆڤاری لڤین گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵا ئەم نوسەرە ڕەخنەگرەدا دەکات)

لڤین: بۆ دەبێت هەر لەسەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، جەنگ و کوشت و کوشتار و توندوتیژییەکان، گەورەترین پشکی هەبێت لەمێژووی دەسەڵاتە جیاجیاکاندا؟ بەڵای ئێوە وەك ڕوناکبیر و نووسەر، ئایا هیچ دەسەڵاتێکی نەرم و نیان لەمێژوودا دەبینێنەوە؟

یوسف عزەدین: ئەگەر سەمەرییەکان وەك شارستانیەتێکی دێرین و سەرنج

راکێش لەمژوودا بکەینە نموونە، دەبینین داهێنەری شێوازە نووسینی "مەخی"بوون و چەندین سەدە لەنێو وێاتانی رۆژهەڵاتی ناڤیندا بەکارهاتووەو توانیویانە لەڕێی نووسینەوە، گەلێك رووداوی ریالیستی و هەندێك جاریش بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەمان پێ بگەیەنن.. لای سەمەرییەکان دوو جۆر مژوو هەبووە، مژوویەکی پێش تۆفان و مژوویەکی دوای تۆفان. لای ئەوان خوداوەندی سەرەکییان لەیەکێك لەگەڵکەکان نیشتەجێیەو ناوی گەڵکەکەش نیبرێ-یەو ئیتر لەوێوە نەوەی خوداوەندەکان بەرەو زەمین چوون و بەپێی بۆای ئەوان، تەنها سانێکی سەر گەڵکی نیبرێ سێ هەزار و شەش سەد ساڵی سەرزەمین بووەو بە "سار" ناویان بردووە..بەڵای ئەوان تەمەنی مرۆڤی پێش تۆفان گەیشتۆتە هەزار ساڵ و دوای تۆفانیش کورتکراوەتەوە بۆ سەد ساڵ و قسوور.. سەمەرییەکان شارەزاییەکی سەرسووڕهێنەریان هەبووە لەبەکارهێنانی زەڕ و زیوداو بەچەشنێك کەلەئێستاشدا لاسایی کردنەوەی کەلوپەلە ناوازەکانیان ئاستەمە، ئەمە جگە لەزانین و خستنەڕووی زانیاری سەبارەت بەهەسارە و گەڵك و ئەو ئەستێرانەی بینینیان بەچاو ئاسان نییە.. تاساڵانێکی زۆریش مژوونووسان پێیان وابوو، سەمەرییەکان ئاشتیخواز و نەرم و نیان بوون و وەك شارستانێتییەکانی تر دڵندەو خوێناویی نەبوون، بەڵام دڵزینەوە ئەرکەلۆژییەکانی "جۆن ئەلدەر" پێچەوانەی ئەمەی سەلماند، وەك لەکتێبی "بەردەکان دەدوێت"دا پێیوایە..سەمەرییەکان حەزیان بەزیادەڕەوی بووە لەپێشکەشکردنی مرۆڤ وەك قوربانی، بەتایبەتیش کاتێك پاشاو میرەکانیان دەمردن، لەیەکێك لەگۆستانە تایبەتەکانی یەکێك لەپاشاکانیاندا، ئێسك و پرووسکی تیمێکی سەربازی بەجلی فەرمییەوە دڵزرایەوە کەلەئامادەباشیدا رمەکانیان بەدەستەوە بوو.. سەرباری دڵزینەوەی نێ مینەی کۆشك ، بەتاجە ئاڵتوونییەکانیانەوە و لەزارکی گۆستانەکەشدا دوو عەرەبانەی چوار پێچکە دڵزرانەوە.. هەر یەکێکیان سێ گوێرەکە رایکێشاون.. جل و بەرگی عەرەبانچی و هاوەڵەکانیشی دڵزرانەوە.. هەروەها لەگۆستانی شازن "شوباد"یشدا، دوو ریز مینەی کۆشك دڵزرانەوە.. دواهەمینیان مینەیەك بوو ئامڕازکی میوزیکی لەباوەش گرتبوو، لەگەڵ دوو کێلەی سوژدەبردووشدا کەلەپاڵیاندا نۆڕابوون…

لۆگین: مەبەستان لەوەیە بڕۆن شارستانییەتێکی پێشکەوتووی وەك سەمەرییەکان ئەگەر ئەمە حاڵی بووبێت لەگەڵ دەستان و ئەحباب و هەسووڕاوانی مەملەکەتەکەی و هەر بەزیندوویەتی زیندەبەچاڵی کردبێتن، ئەی دەبێت چی لە دوژمن و نەیارەکانی کردبێت!؟

یوسف عزەدین: ئەگەر گەشتێك بەناو نەخش و نیگار و وێنەو ریلیف و پەیکەرسازیی شارستانییەتە کۆنەکاندا بکەین.. بەشێکی زۆری ماجەراو بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەت دێتە پێشچاو.. چۆنیەتی جلوبەرگ و خۆ نمایشکردنیان لەمەراسیمە رەسمییەکانیاندا.. چەشن و چۆنیەتی کوشت و کوشتاریان، چەشنی زەلیلکردنی ئەسیر و دوژمنەکانیان، هەر لەبەقامچی لێدان و ئەشکەنجەدانیان و تەجاوزکردنە سەر مێینەکانیشیان.. دەرخستنی چۆنیەتی راوکردنیان و بەتایبەتیش راوکردنی شێر وەك لەهەڵکۆڵینە ئاشوورییەکاندا بەزەقی دەبینینەوەو بەتایبەتیش کاتێك یەکێك لەپاشاکانیان تەنها بەدەستێکی و بێ ترس دەستی داوەتە بینەقاقای شێرێك و خەریکی خنکاندنیەتی..لەیەکێك لەریلیفەکانی ئاشوورییەکاندا، دیمەنی هێرشێکی خەیان بۆ سەر قەڵایەك نەخشاندووەو دەبینین چۆن دوژمنەکانیان سەردەبڕن و لەشوێنێکی تریشدا سێ کوژراویان بەسەرە رم بەرزکردۆتەوە.. لەریلیفێکی تریشیاندا سەربازێکی ئاشووری دەبینیت، سەرێکی سەربڕاوی بەدەستەوەیەو خەریکی فڕێدانییەتی بۆ سەر کۆمەڵێك سەری سەربڕاوی تری لەعەردا کەوتوو.

لڤین: لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت، چۆن دەبێت هەمان ئەو کوشت و کوشتارە سامناکە، بەتایبەت ملپەڕاندنی مرۆڤ لەهونەردا رەنگ بداتەوە، بەتایبەتیش لەسینەما-دا، چونکە بەشی هەرە گرنگی زۆربەی کارە هونەرییەکانی سینەما لەناوان و سێکس و توندو تیژیدا دێت و دەچێت و ئەمەش بۆ سانسەرەو رێگەپێدراوە؟

یوسف عزەدین: ئاشوورییەکان وەك نمونەی شارستانییەتێکی دێرین و هاوشێوەی گەلێك شارستانییەتی دیکە بەمەبەست ویستویانە، لەڕێی نەخشاندنی کوشت و کوشتارەکانیان، لەیەك کاتدا چ جەنگێکی دەروونی لەگەڵ ژێر دەستەو نەیارەکانیاندا بکەن و چ مەبەستیان بووە مۆژووی خەیان لەڕێی هەڵکۆڵینەوە وێنابکەن.. بەڵام ئەگەر هەموو ئەم هەڵکۆڵین و وێنە سامناکانەی سەردەمانی پێشوو لە رووی قۆناغی مۆژوویی و سەردەمەکەیەوە لەئێستادا ئاسایی وەربگیرێت.. ئەی دەبێت چی بڵێین کاتێك تەماشای زۆرێك لەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندی بەتوانای سەردەمی رێنیسانس"کاراڤاجیۆ" دەکەین و دەبینین لەئاستێکی هونەری باڵای نیگارکێشاندا، سەربڕینی مرۆڤی کردۆتە بابەتی تابلۆکانی و لەیەکێك لەتابلۆکانیشیدا مێنەیەك بەکردەی سەربڕینەکە هەڵدەستێت!؟

لڤین: کەواتە شیاوە کاری هونەری تۆندوتیژی بکاتە بابەت و بەتایبەتیش لەسینەما-دا؟

یوسف عزەدین: دەبێت پرسیار لەوە بکەین، بۆ سەرەتاکانی سینەما زیاتر مرۆڤ دەستانەیەو تاڕادەیەکی زۆریش مەرگەساتەکانی چینی چەوساوەو کەم دەرامەتانی کردۆتە بابەت.. رەنگە زۆرێك لەفیلمەکانی "چارلی چاپلن"یش نمونەیەکی زیندووی ئەم جۆرە تەرح و تێزە مرۆڤ دۆستانەیە بێت، کەهەردەم جیاواز لەوەی بۆتە ئاسایی و سانا ئەو دۆت رووبەرووی ئیغتیراب و سەرسامی و پرسیارکردنمان دەکاتەوە، تا بزانین ئەوەی لەدنیادا دەگوزەرێ نائاساییە.. هەوڵەکانی ئەو و هاوشێوەکانی کەتەکمەترین نمونەی ئیغتیراب لای "بەرتۆلد برێخت" دەگاتە باڵاترین ئاستی هونەری و تەکنیکی و مەعریفی.. بەڵام مەخابن دواجار هەموو ئەم هەوڵانە بەبەرنامە دەخرێنە پەراوێزەوەو بەبازرگانی کردنی هونەریش ئەولەوییەتی پێدەدرێت.

لڤین: توندوتیژی لە ناخی مرۆڤدا، چۆن و لەکوێدا جێی دەبێتەوە؟

یوسف عزەدین: "جی.ئەیچ.وێلز" پێی وابوو دەتوانرێت رەگەزی مرۆڤ لەڕێی قەناعەت پێکردنەوە، دەستبەرداری خوێن رشتن و کوشت و کوشتار ببێت.. تەنانەت خۆشباوەڕیش بوو بەرانبەر ئەو دەستەیەی پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەناوی دەستەی گەلان بۆ پاراستنی ئاشتی دروست ببوو، پێی وابوو دەتوانێت ئاشتی و ئارامی لەدنیادا بەرقەرار بکات.. بەڵام هێندەی نەبردو لەدەرئەنجامی بینینی کاروکردەوە توندوتیژە یەك لەدوای یەك و بەردەوامەکانی مرۆڤ، لەبیروبۆچوونەکەی پاشگەزبۆوە.. یەکێك لەنمونە زۆر ناشایستەو دزێوەکانی مێژووش، دەندایەتی سوپای ژاپۆنی بوو لەشارێکی چین-یدا.. بۆجگە لەکوشتنی سەرجەم نۆرینەکان.. دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر هەزاران مێینە، بەمنداڵ و گەورەوە، تەنانەت مێینە پیرەکانیش لەمە دەربازیان نەبوو، کەمەڵکیان هەر لەکاتی سێکس کردن لەگەڵیاندا ورگیان هەدەداو دەکوژران.. ئەوانەی بەزیندوویەتیش رزگاریان بوو، لەکەشێکی بەکەمەڵدا بەویستی خۆیان و پێکەوە ئینتیحاریان کرد..

لڤین: کەواتە هیچ شارستانێتییەك بەبێ بەکارهێنانی زەبر و زەنگ، توانای مانەوەی نییە؟

یوسف عزەدین: بۆوانە شانامەی"بۆقەکان"ی "ئەریستۆفانیس" دەبینیت لەسەر زاری پاڵەوانی شانامەکە دەڵێت: (هاوڕێم کاتێك بەسەر دوژمنەکەتدا زاڵ بووین، بەگوریس بیبەستەوەو پشتی بەقامچی سوورکەرەوەو پارچەیەك ئاسنی داندار بکە بەکۆمیداو ئەگەر لەهۆش خۆشی چوو بەشەراب بەئاگای بهێنەرەوەو پاشان قوومە ئاوێکی بدەرێ..

دێتەوە هۆش خۆی و پێی وایە لەدەستت قورتاری بووە، بەڵام ئەمە وەهمە..دەبێت هەر چوار پەلی بەگوریس ببەستیتەوە، بەچوار ئەسپی سرك و رامنەکراوەوە..سرکە بکەرە چاو و لوت و دەمییەوە.. دواتر بەخەنجەرێکی تیژ ئەندامی نێرینەی ببڕەو ئینجا ئەسپەکان تاودە.. تا هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵبڕن و لاشەی پارچە پارچە بکەن)..ئەمە تێکستێکی بەناوبانگی شانووسێکی کۆمیدی گریکەو بگومان ئەمە بابەتی کات بەسەربردن و رابواردن وپێکەنینی تاکەکانی کۆمەگەی گریکی بەناو مەدەنی بووە..پاش گریکەکان ڕۆمانەکانیش داهێنانی زۆر سەیریان لەبواری ئەشکەنجەداندا کرد، تەنانەت "ئێکتافیۆس" لیژنەیەکی ڕاسپارد تا باس و خواسی سەرجەم ئەشکەنجەدانەکانی کۆن و نوێی میللەتانی بۆ بهێنن، دواتر لیژنەکە باسی فیرعەونیەکانیان بۆ کرد کەلەسەر زینا لوتی ئافرەتیان بڕیوەو پیاویشیان خەساندووە.. باسی حیسیبەکانیان بۆ کرد، سەبارەت بەو کەسانەی کەهەنگوینیان دزیوە، چۆن بە زیندوویەتی کەوێکراون و خراونەتە بەر پووڕە هەنگ و وروژانوویانن تا بیانگەزن.. باسی قارتاجییەکانیان بۆ کرد کەچۆن هەردوو لاقی کۆیلەی هەڵهاتوویان بڕیوە.. یان چۆن ئاشووریەکان ڕمیان لەکۆمی دوژمنەکانیان بڕیوەو جولەکەکانیش بەسەرخستنە ژێر ئاوی دوژمنەکانیان، بەکاوەخۆ و بەچەند جارێك خنکاندوویانن. دواجار "ئێکتافیۆس" بڕیاریدا دەبێت لەمەودوا سەرجەم ئەو ئەشکەنجانە پێکەوە لەسەر نەیارە دەستگیرکراوەکان تاقی بکرێتەوە.. بگومان، بەشومار نمونەی دیکەمان هەیە..هەر لەمڕووی کۆنەوە تا ئێستاو..

لڤین: وەك دەڵێن جەنگ کاریگەری زۆر وڕانکەر و خراپی لەسەر منداڵان و هەرزەکاران هەیە، بەبەراورد لەگەڵ گەورەکان..ئێوە لەسەرەتاکانی جەنگی "ئێراق-ئێران"-دا و دواتریش تاکێتایی جەنگەکە، چ یادەوەرییەکی لا جێ هێشتوون؟

یوسف عزەدین: لەسەرەتاکانی جەنگەکەدا، ئەوەندەی کەفام و ئەقڵم بەدنیا دەشکا، وەك زاتێکی تەنها و دووڕە پەڕز دەمواڵییە هەموو ئەوەی کەوێدەدا، واتە زۆر ئاگام لەقسەو باسی نێو کۆ و کۆمەڵکان نەبوو، سەبارەت بەو جەنگە خوێناوییە.. یان ئەگەر گوێشم لێ بایە.. پێنەدەچوو باش لێی حاڵی ببام.. وەختایەك بیر لەو دەمانە دەکەمەوە، نازانم بێ زیاتر هەست بەهەور و تەم و بارینی بەردەوامی باران دەکەم، بارانێکی تێکەڵا بەبۆنی ریشۆڵەی ڕزیوو، بارانێکی ڕەش و نامۆ… بیرمە لەسەرەتاکانی ئەو جەنگە شوومەدا، لەیەکێك لەو ئێوارانەی کەلەقوتابخانە دەگەڕامەوە.. پێم نا

بەکەلاکی تۆپیووی جرجۆکی گەورەی گەنیوودا.. چ قۆزەوون و ناخۆش بوو..بەتایبەت کاتێك ناوەخن و هەناوی جرجەکە تاکۆکی پڕاوەکانمی سواغدا.. بڕکی زۆری گۆشت و کلك و هەناوی جرجەکەم لەگەڵ شەقاوەکانمدا، تامەودایەکی زۆر بردو ماوەیەکی زۆر بەڵواری شۆستەیەك هەوڵی پاککردنەوەی تاکە پیسبووەکەی پڕاوەکەم دا…

لڤین: کەواتە هیچ ئاسۆیەکی گەشبینانە بۆ نەمانی توندوتیژی لەئارادا نییە؟

یوسف عزەدین: دەرکەی پرسیار و گۆران بەشوێن هۆکارەکانی سەرجەم ئەو کوشت و کوشتارانەی مرۆڤ پێی هەڵدەستێت، چ بەتەنها و چ بەکۆمەڵا، واڵا و لەسەر پشتە!؟ ئارەزووکردنی توندوتیژی و حەز و خواستی لەناوبردن، هەندێك جار هێندە سەیر و سەمەرەیە، نازانیت چی دەرحەق بڵێیت!.. لەساڵی 1958-دا لەیەکێك لەشەقامەکانی "نیومەکسیکۆ"دا، پیاوێك بەناوی "نۆرمان فۆز" ئۆتۆمبیلەکەی رادەگرێت و تفەنگی راوکردنەکەی دەردەهێنێت و دوو منداڵی مەکسیکی دەکوژێت، لەکاتێکدا لەقەراغ شەقامەکەدا خەریکی گەمە کردن بوون.. کاتێك دادگاییان کردو لێیان پرسی بۆ ئەمەت کرد، گوتی ویستوومە ئاستێك بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان دابنێم..لای خۆشمان ساڵانێك لەمەوپێش مەردمنداڵێك سەرجەم ئەندامانی خۆزانەکەی خۆی کوشت، بەخوشکە بچوکەکەشیەوە، کاتێکیش لێی دەپرسن بۆ کوشتت، لەوەڵامدا دەڵێت، بەزەیم پێدا هاتەوەو نەمویست بەتەنها بمێنێتەوە.. لەهەمووشی سەیرتر پاش ئازادبوونی ئەو بکوژە مەردمندالە لەزیندان، بەکوشتنی باپیری زنجیرەی کوشتنەکانی تەواو دەکات.. چەند راستە نازانم، بەڵام فرێید پێی وابووە، هەر لەسەرەتاوە کردەی بایۆلۆژی، کاریگەری زۆری لەسەر خوو و رەوشتی مرۆڤ هەبووە، چونکە بەڵای ئەو مرۆڤ لەچاو ئاژەڵە شیردەرە قەبارە گەورەکانی تردا، ماوەیەکی کەمتر لەمنداڵدانی دایکیدا دەمێنێتەوە.. واتە بەناکامی لەووی سایکۆلۆژییەوە لەدایك دەبێت وبەمەش واقیع کاریگەری زۆر توندی لەسەری دەبێت.

لڤین: تا چەند سەرچاوە مۆژووییەکان، بەدرێژایی مۆژووی کۆن و نوێ، بەتایبەتیش لەگوزانەوەی رووداو و بەسەرهاتەکاندا راستگۆ بوون؟

یوسف عزەدین: تۆ وەرە بڵوانە مۆژوونووسێکی وەك "هیرۆدۆت" کەدەرئەنجامی گەڕانی بەزۆر وڵات و کیشوەردا، زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە میللەتان و وڵاتان نووسیووەتەوەو لەوانەش خستنەڕووی زانیاریيە سەبارەت بەحوکمڕانی و بوونی مۆژوویی مادەکان.. "ئیگڵر

میخائیل ڤیچ دیاکۆنۆف" لەنووسینی کتێبی ماد-ەکاندا سوودی لێوەرگرتووە.. بەڕام بەدرێژایی مێژوو، لێرەو لەوێ کەسانێك بەرپەرچی هیرۆدۆت-یان داوەتەوەو راستی و دروستی زانیاریيەکانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە، تا دەگاتە "هیوزینگ" کەلەسەدەی بیستەمدا زۆر هەوێیدا، باس و خواسی سەبارەت بەمادەکان-ی هیرۆدۆت بەدرێ بخاتەوە.. کۆنترین هەوێدانیش بۆ دژایەتی و بەدرێ خستنەوەی هیرۆدۆت، لەلایەن کتسیاس-ەوە کراوەو بەناوبانگترین کتێبی مێژوویشی بەناوی "پرسیکا" نووسیوە..ئەم زاتە وەك دەڵێن پزیشك بووەو لەپێش زایینداا لەلایەن ئێرانییەکانەوە بەدیل گیراوەو سەرەتا براوە بۆ دەرباری داریوشی دووهەم و دواتریش حەڤدە ساڵی لەدەرباری ئەردەشێر-دا بردۆتە سەر و بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵا گریکەکان سوودی لێوەرگیراوە.. دیاکۆنۆف سەبارەت بەکتسیاس ئەوە دەخاتەڕوو، کەهیرۆدۆت هەر شتێکی بەسپی باس کردبێت، ئەوە کتسیاس کردوویەتی بەهەش و بەپێچەوانەشەوە، یان ئەگەر بەتەواوی لەڕووداوێك حاڵی نەبووبێت، ئەوە لەخۆیەوە شتی نووسیوەو هەر ناوێکیشی نەزانیبێت یان لەبیری چووبێتەوە، ئەوە هەر لەخۆیەوە ناوی شوێنێکی تری بۆ داناوە.. کتسیاس رك و کینەیەکی زۆری دەرحەق بەهیرۆدۆت هەبووەو بەناو و شوهرەتی گەلێك قەڵس بووە، بۆیە هەرچییەك ئەو وتبێتی، ئەم پێچەوانەکەی وتووە.. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەر لەسەرەتاوە نووسینەوەی مێژوو، چەند ناڕاست و خوار و خێچ بووە.. "پلوتارك" یش مێژوونووسی سەدەی یەکەمی زایینی، هەر بەتایبەت کتێبێکی دژ بەهیرۆدۆت نووسیوەو ناوی ناوە"بەربەرپەرست".. چونکە پلوتارك و هاوچەشنەکانی لەسەنگەو دیدگەیەکی رەگەزپەرستانەوە مێژوویان داتاشیوەو گەلانی غەیرە گریکی و ڕۆمانییان بە بەربەر و دڕندە وەسفکردووە.. هەن پێیان وایە هیرۆدۆت بۆلایەنانە مێژووی نووسیووەتەوەو هەشن پێیان وایە بەئارەزووی دەسەڵاتدارنی ئاتن، مێژووی هانیوەتەوە.

لۆگین: ئەمەی تۆ باسی دەکەیت، وامان لێدەکات هیچ باوەڕبکەمان بەنووسراوە مێژوویيەکان نەمێنێت و بەتایبەتیش کتێبە دیراسییەکانی مێژوو، کەمەنهەجییانە لەقاڵاغەکانی خوێندنداا وەك بەگەنەویست ئەقڵی خوێندکارانی پێ سیخناخ دەکرێت؟

یوسف عزەدین: بەڵی ساختەکارییەکانی نێو کتێبە مێژوویيەکان، گرفتێکی مەعریفی زۆر گەورەیە.. ئەمە لەبواڕە زانستییەکانی تریشدا دەبینرێتەوە، هەر بۆ نموونە ساڵانێکی زۆر هەوێدرا لەڕووی فیزیکی و بایۆلۆژییەوە، ڕەگەزەکانی مرۆڤ جیابکرێتەوە، کەکۆمەڵە زانایەك

پێیان وابوو، رەگەزی ئەفەریقی هەمسایە-یەو ئاسیا-یەکانیش لەهەگەزی هەمە ئیریکەس-ن و ئەروپاییەکانیش لەهەگەزی نیاندرتا-ەوە هاتوون..بەهۆی ئەمە تاساڵی 1987بەیکردوو زانای بایۆلۆژی"بۆرکی"لە"کالیفۆرنیا" بەشیکارکردنی "دی.ئێن.ئەی" رەگەزە جیاوازەکان، سەلماندی کەهەر هەموو مرۆڤایەتی لەیەك بنەچەی مرۆقەوە هاتوون و سەرچاوەکەشی ئەفریقایە..شایانی باسە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەشدا، لەبەشە ئەمانییەکەی باشووری ئەفەریقادا، بەگەنامەیەك سەبارەت بەژمارەی ئاژەڵە شیردەرە کوژراوەکانی ئەو سنوورە جوگرافییە نووسراوەو جێی سەرنجە کوژرانی چوارسەد مرۆقی ئەفەریقی لەژێر ناونیشانی"دانیشتووانی دارستانەکان" لەهەمان راپۆرتداو وەك توخمێك لەئاژەڵ جێکراوەتەوە.

لقین: بۆیە دەبێت هەردەم لەپێناو ساغکردنەوەی راستییە مێژوویییەکاندا، لەگەڵانی بەردەوامدا بین؟

یوسف عزەدین: دەبێت لەگەڵانی بەردەوامدا بین، بەڵام جیاواز لەو گەڵانە بەردەوامەی زانای دکۆمێنتە کۆنەکانی ئەمان "کۆستانتین چیندرۆف" کردی، پاش چەند سەفەرێکی بۆ میسر ساڵانی 1844و1853و پاش مایەپووچبوونی لەدۆزینەوەی تۆسکتە کۆنە ئاینییەکانی تەورات و ئینجیل و هاوچەشنەکانی، دواجار لەساڵی 1869دا دنیای سەرسامکرد بەدۆزینەوەی دەستنووسێکی کۆن لەکۆسایەکی میسر و بەو پێیەی کەنیسەکە ئەرسۆزکسی بوو، لەلایەن تزاری روسیاوە کۆمەك دەکرا، هەر بۆیە دەستنووسەکەی پێشکەش بەتزار کردو ئیدی بووە ئیعجابی هەموو ئەوانەی بۆ سەیری دەچوونە شاری پوتروسبۆرگ و تا دواجار بەلشەفییەکان لەساڵی 1933دا بەمەبلەغێکی خەیاڵی بەبەریتانیا-یان فرۆشت و دەرکەوت ئەو دەستنووسە تەنها بریتی نییە لەتەورات و ئینجیل بەکو "ئینجیلی بەرنابا"ش لەخۆ دەگرێَت، کە لەلایەن کۆساوە لەسەدەی سێیەمی زایینییەوە قەدەغەکرابوو.. لەکاتێکدا ئەمەو چەندین بەگەی تر، راستی و دروستی دەستنووسەکەی دەسەلماند.. بەڵام زاتێکی وەك "کامماير" پاش گەڵان و وردبوونەوە توانی ساختەبوونی دەستنووسەکە کەشف بکات، کە چیندرۆف لەڵی قەشەیەکی گریکیی تەزویرچییەوە، بەناوی "سیمونیدس" ئەم تەزویراتەی کردبوو، ئەو زاتە یەکێك بووە لەو تەزویرچییە زۆر شارەزایانەی، کەبۆ بەدەستهێنانی پارە دەیان تێکست و دەستنووسی تەزویر کردبوو.. ماوەتەوە بڵێین " کامماير" یەکێکە لەو رەخنەگرە بەتوانایانەی کەلەساڵی 1889لەدایك بووەو لە 1929دا کتێبی "تەزویری گەردوونیی مێژوو"ی نووسی، بەڵام هیچ دەزگایەکی چاپ و باڵاوکردنەوە بۆیان

بۆاونەکردەوە.. چ نازییەکان دژایەتییان کردووەو چ دواتریش کاتێک لەئەمانیای دیموکراتیدا دەژیا، شیوعییەکان.. تا لەساڵی 1959دا بەبۆکاری و لەبرساندا سەر نایەوەو مرد.. ئەم پیاوە خاوەنی هیچ بۆوانامەیەك لەمژوودا یان پسپۆرییەك نەبووە، بەڵام کارەکانی هەموو رونــاکبیرانی ســەسامکردووەو بۆ خۆی وتــویەتی:" لەپێنــاو پاڵنەرە رووناکبیرییە رەسەنەکاندا دەنووسم، چونکە مژوویەکی تەزویرکراو ترسناکە بۆ شارستانییەت و کلیلی هەڵەمان دەداتە دەست و دەبێتە مایەی خوێقاندنی مەعریفەو هۆشمەندییەکی هەڵخەڵەتێنەر، کەبەخۆرایی دەبێتە سووتەمەنی کۆشمانکۆشەکانی داهاتوو".

***لەژمارە"343"2016-12-15ی گۆڤاری لڤین-دا بڵاوبۆتەوە.**

ناساندن

یوسف عزەدین

ڕۆمانناووس و نووسەر

لەساڵی 1990-1991زیندانی بووە لەمودیریەتی ئەمنی سلێمانی سەردەمی ژێم"ناسراو بەئەمنە سوورەکە"و پاش ئەوەی خۆی و هاوڕێکانی فەرمانی گوللەبارانکردنیان بۆ دەردەچێت ، کەدەبوو لە21-3-1991دا لەمەلعەبەکەی سلێمانی گوللەبارانبکرێن..بەڵام ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بووە لەمپەر و لە بەرواری 8-3-1991 پاش شاڵاوی خەڵکی ڕاپەڕیوو بۆ ئەمنەسوورەکە ئازادکرا.

یەکێکە لەو ناوانەی نەوەی نووسەرانی پاش ڕاپەڕینیان پێدەوترێت و هەوڵی زۆر جدیی هەیە، چ لەبواری ڕۆماننووسیندا و چ لەبواری تەرحی فیکری و بگرەو بەردە فەلسەفییەکاندا وەك لەدیالۆگ و گفتوگۆکانیدا دیارە، ئەم سەرقافڵەو پێشەنگی ژمارەیەك دەنگ و ناوی جدییە.. بەڵام بەپێچەوانەی زۆر لەو دەنگانەی کەهەمیشە لەبەرچاوان و دەور قەرەباڵغن.. نووسەرێکی تەنها و دووروپەرێزە، هیچ تێکەڵیی و خوێقی نەوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سەنتەر و کایەکانی تری نییە.. رەنگە ئەمە لەڕوویەکەوە باش بێت، چونکە کەس هۆندەی نووسەر پێویستی بەتەنهایی و دووروپەرێزی نییە.. بەڵام مەخابن لەڕوویەکی تریشەوە کارێکی خراپــە بۆ نووســەر، بەتــایبەت بۆ وەســەتە ئەدەبــی و ڕۆشنبیرییەکــانی لای خۆمــان.. چــونکە ناساندن و خۆ بردنــە پێــش و پشتگیــری ئــەملاو و ئــەولا، گەرەنتــی بەرەوپێــش چــوون و ناساندن و بڕەودانــە بەنووســەر و بەردەوامبــوونی چــاپکردن و ریکلام بۆکردنــی کتێبەکانییەتی، ئیتر ئەگەر زۆر لەنووسەران عەوداڵی ئەم گەمەیە بــن، نووســین پێپلیکــانەی چــوونە ســەرەوەو زیــادبوونی ئیعتیبــاری

کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادیی و هەندێك شتی دیکە بێت لای هەندێك لەنووسەران.. ئەوە لای "یوسف عزەدین " بەجۆریکی ترەو لای ئەو نووسین و بیرکردنەوەو خوێندنەوە، مانایەکی جوداو جیاوازتری هەیە، لەو مانا سەرزارەکی و سەتحییانەی کەنۆوەندە فەرمی و تەقلیدییەکانی ڕۆشنبیری و نووسین تێیدا چەقیوون.

ئەم نووسەرە چەند زمانێك دەزانێت، لەوانە زمانی تورکی و عەرەبی بەباشی دەزانێت، چ بۆ نووسین و چ بۆ وەرگێڕان.. کۆمەڵێك بابەتی وەرگێڕاوی لەزمانی تورکی و عەرەبییەوە هەیە.. بابەتی نووسراو و بڵاوکراوەی بەزمانی عەرەبی هەیە، کەلە کۆمەڵێك ڕۆژنامەو سایتی عەرەبیدا بڵاوکراونەتەوە.

نووسەر و وەرگێڕی مەغریبی "سەعید بلغربی" کۆمەڵێك تێکستی ئەم نووسەرەی لەزمانی عەرەبی-یەوە کردێتە ئەمازیغی و لەدوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا لەمەغریب بەچاپی گەیاندووەو شایانی باسە ئەمە یەکەمین جارە تێکستی کوردی بکرێتە ئەمازیغی و لەدوو توێی کتێبێکدا چاپبکرێت.. بەتایبەت مەغریب وڵاتی نووسەرانی بەتوانای وەك "تاهیر بن جەلون"و "محەمەد زفزاف"و"محەمەد شوکری"یەو خاوەن خوێنەرانێکی جدییە.. هەروەها ئەم کتێبە بۆتە ماتەیاڵی دیراسی کۆلێژی ئادابی یەکێك لەزانکۆکانی مەغریب و وەك وەرگێڕش لەچاوپێکەوتنێکیدا ئاماژەی پێداوە، ئەو خێی لەنۆو کۆمەڵێك تێکستی ئەدەبی وەرگێڕاوی کۆمەڵێك نووسەری کورددا، بەبێ ناسینی خودی نووسەر، تەنها تێکستەکانی یوسف سەرنجی ڕاکێشاوەو سەرسامی جدییەتی بووەو هەر بۆیە ماوەیەکی دوور و درێژی بۆ وەرگێڕان و پاشان بەچاپ گەیاندنی تەرخان کردووە.

کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر

دیۆکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان/ڕۆمان/چاپخانەی شڤان-سلێمانی2006

تەنها ڕۆژێکی سارد/ڕۆمان/دەزگای موکریان/هەولێر/2008

پێخەفێك لەخوێن/هونەری گێڕانەوە/دەزگای ئاراس/هەولێر/2008

ماجەراکانی سەلمانی فارسی/ڕۆمان/یانەی قەڵەم/سلێمانی2009

وێگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان/ ڕۆمان/بەرەوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی/2009

وەهم و شوناس/ گفتوگۆو وتار/چاپخانەی یاد/ سلێمانی/2012

کۆتاییەکان/ئەنفارار/ هونەری گێڕانەوە-سردیات/بەزمانی ئەمازیغی-دار کەبەدانی-مەغریب2015

یوسف عزەدین لەدایالۆگێکدا ... سازدانی: ئەفشین غوڵامی

ئەفشین غوڵامی: بەڵای ئێوە سەرەتاکانی نووسین لەڕوانگەی مۆژووییەوە، لەکەیەوە دەست پێدەکات؟

یوسف عزەدین: گەڵانەوە بۆ سەرەتاکان و ڕەچوونە نێو موعەماکانی مۆژووەوە، کارێکی سەختەو هەندێك جارانیش چەواشەکار و هەڵخەڵەتێنەرە، بەتایبەت لەساغکردنەوە ئەرکیۆلۆژییەکاندا، جا چ نیازپاکانەو خڕاسکانە بێت، یان بەئەنقەست و دەستێك لەپشتەوە گەمە بەحەقیقەتەکان بکات.
بەجیاکردنەوەی مۆژووی نووسین و مۆژووی نووسینی ئەدەبی کەدوو بواری جیان، وەك زانراوە مۆژووی نووسینی ئەدەبی بەجیاوازی بگرەو بەردەی ساڵانی نووسینی، بەڵام تا ئێستا هەمووان کۆکن بەئەژمارکردنی داستانی گلگامش بەکۆنترین تێکستی ئەدەبی نووسراو و دواتریش پاش چەندین سەدەش ئەلیادەو ئۆدیسە-ی هۆمیرۆس و جودایی و جیاوازی گلگامش-ش لەگەڵ ئەو دوو داستانەی دیکەی هۆمیرۆس-دا کەمەزەندە دەکرێت نزیکەی سەد یان هەشت سەد ساڵی پێش زایین گوترابێت و لەحەوت سەد ساڵی پێش زاینیشدا لەلایەن کەس و کەسانێکەوە نووسرابێتەوە، هەر بۆ خۆی جیاکەرەوەی دوو دنیای جیاوازە لەشێوازی بیرکردنەوەی مەعریفی و فەلسەفیدا.

ئەفشین غوڵامی: بۆگومان زمانی سانسکریتیش بەشێکی ئەو ئەدەبیاتە کۆنەی پێ نووسراوەتەوە؟

یوسف عزەدین: ڕاستە و وەك گوتم، ساغکردنەوەی ئاسان نییەو ڕەنگیشە لەئایندەدا نووسراوی دیکە بدۆزرێتەوە، هەر وەك چۆن دۆزینەوەی داستانی گلگامش ڕکەوت بوو. دەگوترێت داستانی ڕامایانا و ماهابهاراتا وەك نمونەیەکی بەرچاوی زمانی سانسکریتی پێش زایین بەچەند سەدەیەك نووسراوە.

ئەفشین غوڵامی: دەبێت ڕۆژئاوا لەسەردەمانی خۆیدا ئاگاداری ئەم تێکستە سانسکریتیانە بوو بێت، یان هەر ئاگاداری ئەلیادەو ئۆدیسەی

هەمیرەس بووە؟

یوسف عزەدین: دەبێت لەخۆمان بپرسین کەئاخۆ هەر لەسەردەمانی بەکارهێنانی سانسکریتی لەنووسیندا، لەماوەی مەریاو گۆپتا-دا کە لەهەشت سەد ساڵی پێش زایینەوە بۆ دوو سەد ساڵی پێش زایینی خایاندووە، هیچ کام لەتێکستەکان نەگەیشتبێتە ڕۆژئاوای ئەو دەم، بۆگومان دەبێت گەیشتبێت.. یان تۆ بڵێی نەگەیشتبێت؟!.. دەگوترێت کتێبی "مردووانی میسری" گوایە هەزار و هەشت سەد ساڵ، یان هەن دەڵێن دوو سەدو پەنجا ساڵا لە پێش زایینداا نووسراوە.. بەڵام لەسەدەی نۆزدەداو پاش کەشفکردنی جفرەکانی "بەردی ڕەشید" توانرا بخوێنرێتەوە، بەڵام ئاخۆ لەسەردەمی نووسین و دانانی بەردی ڕەشید-دا کتێبی "مردووانی میسری"و چەندین تێکستی دیکە نەخوێنراونەتەوە؟ بۆگومان خوێنراونەتەوەو لەگەڵا چەندین مەعریفەی دیکەی تریشدا گوازراونەتەوە بۆ ڕۆژئاوا.

ئەفشین غوڵامی: بابگەڕێینەوە سەر یەکەمین تێکستی ئەدەبی نووسراو؟

یوسف عزەدین: داستانی گلگامش چ وەك کۆنترین تێکستی نووسراو کە تائێستا لەبەردەستدایەو چ وەك ئەو قووڵاییەی کەهەیەتی سەرسووڕهێنەرە، بەشێوەیەکی باڵاو کامڵا پرسیارە کەونیی و ئەنتۆلۆژییەکان لەخۆ دەگرێت، دەگوترێت دوو هەزار ساڵا پێش زایین نووسراوەتەوەو لەهەمووشی سەیرتر ئیمزاو ناوی کەسێکی لەسەرە بەناوی " شین ئوقی ئونینی" کەنەزانراوە ئاخۆ نووسەری داستانەکەیە یان ئەو کەسەیە کەنووسیویەتییەوە. داستانەکە باس لەگلگامش دەکات کە پاشای "ئورك-وەرکا"یەو دایکی خوداوەندەو باوکی لەتوخمی مرۆڤی فانییەو بەمەش ئەویش دەبێتە بوونەوەرێکی فانی.. تاکەوانە حوکمی کردووەو لەتاو زوڵم و زۆری، خەڵکی "ئورك" پەنا بۆ خوداوەندەکان دەبەن تا چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوە، یەکێك لەخوداوەندەکان کەناوی ئورلێ-یە پیاوێکی بەرایی و بەهێزی سەرەتایی توکنی بۆ دروست دەکات کەلەنێو ئاژەڵاندا وەك ئەوان دەژی بەناوی "ئەنکیدێ"و پاش ئەوەی چەند جارێك ئاژەڵان لەتەڵەی ڕاوچییان ڕزگاردەکات و دەبێتە مایەی کێسپ بۆ خەڵکی، خەڵکەکە پەنا بۆ گلگامش دەبەن و شەکوای حاڵی خۆیانی بۆ دەکەن.. گلگامش-یش فێڵبازانەو تەنانەت بەشێوازێکیش کەبەدرۆزایی مێژوو بەکارهاتووە، مێینەیەك بۆ تەفرەدانی دەنێرێت.. لەداستانەکەدا یەکێك لەکارەکەرەکانی پەرستگەی عەشتار بەناوی"شمخات" دەنێرێت بۆ دەستەمۆکردنی دێندایەتی "ئەنکیدێ" و ڕابواردن لەگەڵی تا ئاژەڵان لێی بتەرنەوەو ببێتە کەسێکی ڕامکراو و مەدەنی.. ئیتر فێری جل لەبەرکردن و

خواردنەوەی شەراب و کەیف و سەفاو شت گەلێکی لەو چەشنەی دەکات.. ئینجا پاش ئەو گۆڕانە، ئافرەتە نێردراوەکە غیرەی "ئەنکیدۆ" دەبزووێنێت و باسی ئەوەی بۆ دەکات چۆن غەریمێکی هەیە کەناوی گلگامش-ەو یەکەمین شەوی پەردەی هەموو کچانی مەملەکەت بۆ ئەوەو بەمەش "ئەنکیدۆ" هار دەبێت و مەیدان لە گلگامش دەگرێت، بۆ زۆرانگرتن و ململانێ.
هەردووکیان زۆر بەتوندی بەگژ یەکتردا دەچن و هەرچەند لە هێزدا یەکسانن و بەرانبەر دەوەستنەوە، بەڵام بەدان پێداهێنانی "ئەنکیدۆ" بەهێز و توانای گلگامش-دا.. گلگامش بەسەرکەوتوو ئەژمار دەکرێت و ئیتر بەمە دەبنە دوو هاوڕێی زۆر خۆشەویست و لەدرێژەی داستانەکەدا "ئەنکیدۆ" لەپێناو بەرگریکردن لە گلگامش، کاتێك خوداوەندەکان گای پیرۆز بۆ کوشتنی گلگامش دەنێرن، پەلاماری قۆچی گای پیرۆز دەدات تا گلگامش زەفەری لێبهێنێت و بیکوژێت، بەکوشتنی گای پیرۆزیش ئەنجومەنی خوداوەندەکان کۆدەبنەوەو بڕیار دەدەن ئەنکیدۆ بکوژن، ئیتر تووشی نەخۆشییەکی دەکەن و پێی دەمرێت..ئەمەش وا لە گلگامش-دا دەکات دەیان پرسیار لەبارەی بوون و نەبوون بەمێشکیدا گوزەربکات و نغرۆی خەم و پەژارەیەکی هێجگار قووڵا ببێت و عەوداڵی دۆزینەوەی نهێنییەکانی بوون و فەنا بوون ببێت، لەم پێناوەشدا دەست دەکات بەسەفەرکردن و لەدرێژەی سەفەرەکەشیدا دەگاتە لای ئەو کەسە نەمرەی کەناوی "ئوتنابشتم"ەو پاش رزگاربوونی لەتۆفانە مەزنەکە.. خوداوەندەکان نەمری هەتا هەتاییان بەخێیی و ژنەکەی بەخشیوە. پاش هەوڵێکی زۆری گلگامش بۆ رازیکردنی "ئوتنابشتم" تا نهێنی نەمری پێ بڵێ.. ئەو زاتە نەمرە مەرجی شەش رۆژ و حەوت شەو نەخەوتنی بۆ دادەنێت، تا پێی بڵێت.. ئەمەش بەگلگامش ناکرێت و پاش بڕیارییەکی زۆر دەخەوێت و هەڵی بەدەستهێنانی نەمری یان زانینی نهێنی نەمر بوون لەدەست دەدات.. ژنی "ئوتنابشتم" بەزەیی بەگلگامش-دا دێتەوەو نهێنی گەنج بوونەوەی پێدەڵێت و پاش بەدەست هێنانی ئەو گیایەو دەرهێنانی لەنێو دەریادا، ئەویش لەغەفڵەتێکدا مار دەیخوات، ئیتر مایەپووچانە دەگەڕێتەوەو دەگاتە ئەو یەقینەی چارەنووسی هەموو مرۆڤێك مەرگ و فەنا بوونە.

ئەفشین غۆڵامی: هەر ئەمەشە کەبەووونی لەفەلسەفەی رۆژهەڵاتی و دنیای سۆفییەکاندا رەنگدەداتەوە؟

یوسف عزەدین: بەڵێ تەنانەت کاتێك گلگامش سەفەرەکەی دەست پێدەکات، بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی نەمر بوون و مانەوەی هەتا هەتایی، جلی

پاشایەتی دادەکەنێت و جلی وەك هی سۆفییان و دەروێشان دەکاتە بەرو لەڕێگەش بەقسەو هەواڵا و تەقەللاکانی خوداوەندی خواردنەوەو شەراب"سیدوری" هەناخەتێت، کەپڕی دەڵێت دنیا بێ خواردنەوەو رابواردن کراوەو لەجێی عەوداڵبوونت بەشوێن وەامی پرسیارەکاندا خێت لەچۆزبینین و رابواردندا غەرق بکە.. بەام ئەو گوێ لەو قسانە ناگرێت و درۆزە بەسەفەرەکەی دەدات.

ئەفشین غوامی: ئەدەبیاتیش بێ خێی سەفەر و گەانە، پێتان وانییە هەر ئەم پرسیارگەلانەیە، ئەدەبیات سەرقاڵییەتی؟

یوسف عزەدین: بەڵی ئەمە لای سەرجەم ئەو ژمارە کەمە لەنووسەرە جدییەکانی دنیا وایە، ئەوانەی حەوسەڵەو توانا و تاقەتی قووبوونەوەو تێپەڕکردنی ئاستە سەتحییەکانیان هەیە، وەك کافکا و ئیتالێ کالڤینێ و بۆرخیس و ژمارەیەك لەنووسەرە جدییەکانی دنیا.

ئەفشین غوامی: بەای ئێوە، ئەو شتانەی واقیعی ئەدەبی لەدنیای نووسینداو واقیعی حەقیقی لەیەکتر جیادەکاتەوە کامانەن؟

یوسف عزەدین: پرسیارەکەتان فرەەهەندەو گەلك وەام هەدەگرێت، وەك دەڵێن یەکێك لەجیاکەرەوەکانی ئەدەبیات لەواقیعی حەقیقی میتافۆرە، بەام بەای جۆرج لاکۆف و جۆنسۆن میتافۆر تەنها پەیوەست نییە بەگوزارشتە زمانەوانییەکانەوە، بەکو پەیوەستە بەبیرکردنەوەو کردار و هەستکردنەکانمانەوە، پەیوەستە بەفۆمۆلەبوونی رایەی چەمکەکان لەبەوەبردنی کردەوە مۆاڵییەکانمانەوە. مەبەست لەوەیە لەخودی بیرکردنەوەو تێواینین و دنیابینی و تەنانەت فۆفۆا و کاروکردەوە هەخەتێنەرەکانی مرۆڤیشدا، میتافۆر حزووری هەیە. ئیتر بەشك لەبەرەو پێشچوونە شارستانییەکان پەیوەستە بەمیتافۆرەوە کەپاش دروستبوونی زمانکی تایبەت، بەچەشنەك لەچەشنەکان لەنو هەناویدا و هاوتا لەگەا بەکارهێنانی بەردەوامیدا دەتەبوون. ئەگەر کەمك زیاتر قووبینەوە دەبینین بیستن رێکی سەرەکی هەیە لەقسەکردن و ئاخافتن و پەرەپێدانیدا.. هەروەك "مەولانا جەلالەدینی رومی" دەڵێت: (هەر وەامك لەڵی گوەوە بچێتە دەوە، چاوت پێت دەڵێت، وازی لێ بهێنەو گوێادێری من بە.. بزانە گوێ بازاڵییە.. بەام چاو ئەهلی ویساەە.. چاو ساحبی حاەە.. بەام گوێ ئەهلی مەقامەو لەگوێگرتندا سیفاتەکان دەگێڕن.. بەام لەبینیندا زات دەگێڕێت).

ئەفشین غوامی: کەواتە دنیای عیرفان و سۆفیگەری و نووسینەکانیان

لەدنیای ئەدەبیاتی جیدییەوە نزیکەو وەك چۆن توانیووتانە لەسەرجەم رۆمانەکانتانداو بەتایبەتیش لەرۆمانی" وۆگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان"دا رایەڵەیەکی نهێنی و ئەفسوونئامێزانە لەنێو ئەو دوو دنیایەدا دروست بکەن، واتە ئەدەب و عیرفانتان کردۆتە دوو دیوی یەك تەسکتی ئەدەبی؟

یوسف عزەدین: تۆ بڵێوانە دنیای ئەو عاریفانە هۆنەدە قووڵ و فرەڕەهەندە، هەیانە جگە لەدەیان کتێبی فیکری و فەلسەفی و عیرفانی، لەئەدەبیاتیشداو بەتایبەتیش لە بواری گوتنی شیعردا بەیت و پارچە شیعری زۆر کاریگەرو سەرسامئامێزیان هەیە، یان تەنانەت دیوانە شیعریان هەیەو هەشیانە تەنها بەشیعر هەموو ئەزموونە ناوەکییە قووڵەکەی خۆی خستۆتەڕوو.. ئەوانەی زۆر بڵێدەنگ و تەریکیش بوون، زمانی حاڵ و دەربڕینیان هەر شیعر بووە..لەگەڵا بوونی ئەو جەزب و راکێشانەی کەتەنها لەدنیای عریفاندا هەیەو ڕۆحی بنیادەم تووشی هەژان و سەرسامبوون دەکات، لەپشت هەر بەیتێکیاندا دنیایەك مانای زۆر قووڵا لەباتن و زاهیردا حزووریان هەیە.
سەیرکە من و تۆ چیمان لێدێت بەرانبەر تەنانەت بەیتە شیعرێکی فەریدەدینی عەتتار و حافزی شیرازی و حەللاج و ئیبن عەرەبی و مەولانا جەلالەدینی رومی کەخودی ئەو زاتە دەرحەق بە"عەتتار" دەڵێت:(عەتتار سەفەری بەهەر حەوت مەملەکەتەکەی عیشقدا کردو کەچی ئێمە لەسەرەڕۆگەی شەقامێکی عیشقدا چەقیووین).. هەروەها هەموو توانستە شیعرییەکانی خۆی دەباتەوە بۆ "عەتتار"و تەنانەت دەڵێت:(هەڵەکانیشم هەر لە عەتتار-ەوە فێر بووم).. ئەمەیە ئەدەب و ڕەوشتی ئەهلی عیرفان کەبەدەر لەمل شکاندنی یەکتر و حەسادەت، پێکەوە کار لەخوێقاندنی دنیای مەجازیدا دەکەن، ئەوەتا مەولانا ئاماژە بەوە دەکات، هۆنەدە کاریگەری عەتتار-ی لەسەرە، تەنانەت هەڵەکانیشی هی ئەون، بەڵام لەواقیعی ئەدەبیات و نووسینی ئەم دەڤەرەی ئێمەدا، ئەوەی تۆ بڵێت کەشفت کردووەو زادەی شەونخووونی و ئەزموونی مەعریفی و ڕۆحیتە، کاتێك دەیخەیتەڕوو، لێرەو لەوێ ئەوەی پێی گەیشتوویت، بەلاسایی کردنەوە یان بردنی دەبێتە بابەتێك یان چەند بابەتگەلێکی بڵاوکراوە، لەوو هاوشێوەو لەناوەخندا کاڵوکرچ و دزێو.. ئیتر چی لەوە ترسناکتر هەیە لەواقیعێکی ئاوادا هەبیت و بنووسیت و دڵنیابیت ئەوەی تۆ گوتووتەو لەووکەشدا بڵێدەنگی لێکراوە، هەر وەك ئەوەی نەبینرابێت و نەخوێنرابێتەوە، کەچی لەاستیداو بەبڵێدەنگی و لەتاریکیدا کار بۆ فامکردن و ڕاڤەکردنی کراوەو پاش ماوەیەك لێرەو لەوێ ئاوەژوو یان بەکەمێك دەستکارییەوە بەناوی کەس و کەسانێکی ترەوە بڵاودەکرێتەوە؟!

ئەفشین غۆامی: کەواتە تێکستە ئەدەبییەکانی عاریفان، ئەدەبی راستەقینەو جدین؟

یوسف عزەدین: لەاستیدا رۆژهەاتناسەکان توانیان سەرتاپای ئەدەبیات و فیکر و بیروبۆچوونی رۆژئاوا لەبنەەتەوە بگۆن، بەوەرگۆان و گەیاندنی دەیان تێکستی ئەدەبی و فیکری و مەعریفی و زانستی و عیرفانی رۆژهەات.. زۆریان تەمەنی خۆیان بۆ کەشفکردنی نهێنی و پەنهانی عیرفان و دنیای سۆفییان تەرخانکرد، لەوانە "لویس ماسینیون"ی فەرەنسایی، بابەتی دەرحەق بە"سەلمانی فارسی"و "ئیبن سەبعین"و "حەللاج"نووسیوە، بەتایبەتیش نزیکەی سی ساڵا لەتەمەنی خۆی بۆ ناساندنی بەرهەم و ژیانی "حەللاج" تەرخانکردووە، "ئازارەکانی حەللاج " ناونیشانی کتێبێکی تێکمەو جوانی ئەو زاتەیە.

ئەفشین غۆامی: دووبارە راڤەکردنی مۆژوو و خوێقاندنەوەی سەرلەنوێشی، لەهەموو رۆمانەکانتاندا بەرچاو دەکەوێت، سەرباری بینینەوەی لەهەندێك لەوتار و لێکۆینەوەو بابەتی رەخنەیی و وەرگۆانەکانیشتاندا، هێکاری گرنگی دانتان بەمۆژوو بۆ چی دەگەێتەوە؟

یوسف عزەدین: وەك وەبیرم دێت و تەنانەت پێش فامکردنی تەواویشم بۆ دنیا، باس و خواس و بەسەرهاتە مۆژوویەکان زیاد لەگەمەو یاریکردن سەرنجیان رادەکێشام، بەبێدەنگی بەدیار بەساڵاچووەکانەوە دادەنیشتم بۆ گوێ بیستی ئەو حیکایەتە مۆژووییانەی کەنازانم بۆ هەر لەو دەمەوە لەواقیعی ژیان جوانتر و بەتامتر دەهاتە پێشچاوم و بۆزار نەدەبووم لەهەموو ئەو گۆانەوانەی کەساڵا لەدوای ساڵا منیان ئالوودەو شەیدای خوێندنەوەی مۆژوو کرد، بۆ ئەوەی لەنێو خەیاڵا و خەونەکانمدا ببێتە بەسەرهات و ماجەراو و داستان و حیکایەتگەلێکی جیاواز لەوەی کەلەواقیعدا هەبووەو رووبداوە…گۆانەوە مۆژووییەکانی سەردەمی منداڵیم، ئەوەندەی گوێبیستیان دەبووم، هەستم بەسامی وشەکان و قووڵاییەکانی زەمەن دەکرد، زەمەنێك کەبۆنێکی تایبەتی هەبوو.. بۆنێك بوو، وەك بۆنی خودی بەساڵاچووەکان.. دەمزانی ئەو کەسانەی حیکایەتە مۆژووییەکان دەگۆانەوە، هەر یەکێکیان چەند جیاوازن لە کەسێکی تریان، لەگۆانەوەی هەمان بەسەرهات و ماجەرای مۆژووبدا.. کاتێك باسی ئەسکەندەری مەکدۆنییان بۆ دەکردم و دواتر لەشوێنێکی تردەوە باسی زولقەرنەین-یان بۆ دەکردم و ئیدی کاتێك لای یەکێکیان جیابوون و لای یەکێکی تریشیان هەردووکیان هەر یەك بوون، زۆر سەرسام و حەیران دەبووم، بەو توانستە سەیر و سەمەرە عەجایبەی، کەدنیایەکی جیاوازی

وای دەهێنایە پێشچاوم، کەدەبوو لەگەڵ یەکێکیان بم و لایەنگری تەسەوراتی بم، دژ بەوی تریان.. یان پێچەوانەی هەردووکیان بم و هەموو ئەمەش دەبووە مایەی چەندین پرسیاری بێکۆتا، کەهەم ڕووبەڕووی ئەوانەم دەکردەوە کەحیکایەت و بەسەرهاتە مێژوویەکانیان بۆ دەگێڕامەوەو هەم لەکەسانی تریشم دەپرسی، ئیدی هەر لەسەرەتاوە بەپرسیار و نایەقین بوونمەوە دەرحەق بەوەی دەیبیستم، هاتمە نێو دنیای بەسەرهات و ماجەرا مێژوویەکانەوە، بەگومانەوە کەوتمە ڕوانین و سەرنجدانی سەرجەم دیاردەو شتەکان.

ئەفشین غوڵامی: هەر بۆیە دەتەوێت بگەڕێیت بەشوێن مێژووی نەنووسراو و نەگوتراوی شتەکاندا؟

یوسف عزەدین: ئەمە هەموومان چ لەئێستادا لەنێو مێژوودا ین و چ پاش مەرگیشمان لەنێو مێژوودا دەمێنینەوە.. بەکەسە ناسراو و نەناسراوەکانیشەوە..ئیتر ئەگەر مێژووی نووسراویش نەبێت، ئەوە مێژووی شەفەهی دەتوانێت کەسە نەناسراوەکان بهێنێتەوەو دەماو دەم بەسەرهاتی ژیانیان بگێڕێتەوە. بۆیە بوونی من و تۆ لەمێژوودا، چەندە بابەتێکی حەقیقی و واقعییەو وەك خۆی و لەخۆیدا بوونی هەیە، ئەوەندەش بابەتێکی ئەبستراکت و جیاوازە.. ئەمە جگە لەچۆنیەتی بینینی ئەویتر بۆ من و تۆ. بۆ نمونە "هیتلەر" لای من و تۆ، تەنها دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ و ماوڕانکەر و تاوانبارە، بەڵام لای هەموو ئەوانەی تا دوا دەمپی خوێنیان بەرگریان لێکردو لەپێناویدا جەنگان شتێکی تڕە. "هیتلەر" لەتوانینی بیرمەندەکانیشدا جیاوازە، بیرمەندێکی داهێنەری وەك"هایدگەر" یەکێك بووە لەحەیران و موعجیبەکانی، کاتێك پێی دەڵێن چی لەو پیاوە سەتحییەدا دەبینیتەوە، وا هێندە پێی موعجیبیت؟ لەوەڵامدا دەڵێت، تەنها جووڵانەوەی دەستی بەسە! واتە بۆ گێڕینی کەساتییەکان و هێنانە ژێر باریان..ئیدی "هایدگەر" بەکارێك ئەقڵەوە کەسایەتییەکی وەك هیتلەر لەناخەوە دەیهەژێنێت؟!
" ئۆشۆ" لەکتێبی "لەکۆیلایەتییەوە بەرەو ئازادی"دا ئاماژە بەوە دەکات، (کەئەمانیاوڵاتی کانت و هیگڵا و فیورباخ و کارڵا مارکس و فرۆیدو مارتن هایدگەر-ە بەڵام لەگەڵا ئەوەشدا کەسێکی سایکۆباتی پلە سێی وەك "ئەدۆلف هیتلەر" توانی میللەتێکی ئاقڵی وەك ئەمان بەلای خۆیدا رابکێشێت) دەڵێت(بەڵای من ئەگەر بەشەرییەت هیچ لەمەوە فێر نەبێت، ئەوە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە…ناچێتە ئەقڵەوە کەیەکێك لەناودارترین فەیلەسوفەکانی چەرخی بیستەم، کەسێکی وەك "مارتن هایدگەر" ببێتە هەوادار و لایەنگری هیتلەر.

هیتلەر بووە سەرکی ئاقترین وێناتی دنیا، هەموو خاوەن بڕوانامەکان چوونە پاڵا پیاوکی نەخوێندەوار و گەورەترین ئیمپراتۆریەتی فاشیستی لەدنیادا دروستکردو دە ملیۆن ئینسانی کوشت، بەبێ ئەوەی پشتگیری لایەنگرانی لەدەست بدات).

ئەفشین غوڵامی: پێتان وایە کاری ئەدەبە بەدووی ڕاستییەکاندا بچێت و هەکاری نەهامەتییەکانی مرۆڤ بدزێتەوە؟

یوسف عزەدین: "سیباڵد"ی بەهەگەز ئەمانی یەکێکە لەو نووسەر و ڕامانووسە جدییانەی کەبەبڵدەنگی ساڵانێك خەریکی کەشفکردن و خوێندنەوەیەکی نوێگەریانەو جیاواز بوو بێ مرۆڤ.. تا مەرگی لەناکاوی لەساڵی 2003-دا بەووداوی هاتوچۆ لەبەریتانیا، پڕۆژەی زۆر تایبەت و ناوازەی نووسینی ئەو پیاوەی وەستاندو پاش مەرگی ئینجا ئەم نووسەرە بەتوانایەیان بیرکەوتەوەو خەاتی "ئیندیپێندەت"ی چیرکیان بەخشی بەیەکێك لەڕامانەکانی بەناوی"ئۆسترلیز"و بەگشتی ڕامانەکانی تێکەیەکن لەیپڕتاژ و وتار و لێکۆینەوەو چیرێك و تانەت هەندێك جار کتێبەکانی وێنەش لەخێ دەگرن. شێوازکی زۆر تایبەتی هەیە لەخستنەووی ووداوەکانداو کاتێك ڕامانەکانی دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت بەدەر لەسۆز و عاتیفەی موزەیەفانە، دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ قوربانیانی جەنگدا بکات. لەگەڵمانی "ئۆسترلیز" واقیع و خەیاڵ تێکەڵا دەبێت و باس لەدروستکردنی هەڵەکۆست و کلتووری شیوەنکردن و یادەوەری دەکات و سەرباری خوێقاندنی شێوازکی نوێی نووسین. ئەتمۆسفێری دەقەکانی کافکاو ئیتالیۆ کالڤینۆ و بۆرخیس-مان بیردەخاتەوە. لەساڵی 2008-دا لەدایالۆگکمدا کەلەگڵقاری رامان بێاوبێتەوە ئاماژەم بەڕمانی"مەدارەکانی ساتوورن"ی "سیباڵد"کردووەو گوتوومە:
(زەمەن بێ خێی نەفی دگماو وەستان دەکاتەوەو بکۆتا بوونی زەمەنیش، وامان لێدەکات لێکچوون و هاوشێوەبوونکی زەمەنی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێدا ببینینەوە، هەروەك لەڕمانی مەدارەکانی ساتوورن-ی سیباڵدا دەبینرێتەوە. لەمیانی گەشتێك بەنێو زەمەندا، بەئامانجی گەیشتنە حەجی مەسیحیان، تاقیبی ڕۆگەی قەرەجان و گەیدەکان دەکات و لەڕۆگەی سەردو مەنەلۆگەوە، ڕووداوو و کارەسات و ساتە سەیر و سەمەرەکانی مرۆڤ زیندوو دەکاتەوە، بەچەشنێك کەهەر دەڕی لەئۆستادا ڕوو دەدات و خوێنەر ناچار دەکات بپرسێت.. سیباڵد وامان لێدەکات بکەوینە پرسیارکردن، سەبارەت بەچەقۆ ئاساییەکانی نێو مووبەقەکانمان، چونکە هەر ئەو چەقۆ ئاساییانە بوون کەلەدووهەمین جەنگی جیهانیدا، سەرلەبەری خەکانی شارچکەیەکی پۆ

سەربەدرا). سیبایەد لە جارە نووسەرانەیە کاتێك گەشت بەنێو مژووودا دەکات و بەسەرهاتە مژوویيەکانمان بۆ وێنا دەکات، خۆی لەقەرەی خستنەووی گوتارە سیاسی و تێوانینەکانی خۆی نادات و تەنها بەوەی دەیخاتەوو پرسیارمان لا دروست دەکات.

ئەفشین غوڵامی: هەرچەند پرسیاری ترمان زۆرە، بەڵام هەیدەگرین بۆ دەرفەتێکی تر و بەنیازی بەردەوامیتان.

یوسف عزەدین: سوپاستان دەکەم